# خوێندنەوە بۆ سێ بەرهەمی ڕەخنەیی لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)دا
# لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەوە

**ID No. 318**

(PP 117 - 140)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.7

**کاروان ئیدریس مەجید**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
Karawan.majeed@su.edu.krd

**کارزان موحسین قادر**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
karzan.qader@su.edu.krd

**وەرگرتن : 2022/05/23**
**پەسندکردن : 2022/07/25**
**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوە لە ژێر ناونیشانی (خوێندنەوە بۆ سێ بەرهەمی ڕەخنەیی لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)دا لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەوە ) دایە، لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمیان تیۆرییە، کە پێنج تەوەرە لە خۆدەگرێت: تەوەرەی یەکەم باس لە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە دەکات. لە تەوەرەی دووەمدا چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە خراوەتەڕوو. تەوەرەی سێیەم باس لە ئامانجی ڕەخنەی ڕەخنە دەکات. هەرچی تەوەرەی چوارەمە باسی ڕۆڵ و گرنگیی ڕەخنەی ڕەخنە لە بەرەوپێشچوونی دەق و ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. تەوەرەی پێنجەم پەیوەندیی بە مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنەوە هەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. بەشی دووەم پراکتیکییە و بریتییە لە پراکتیزەکردنی چەند نموونەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)ی هەولێردا، کە هەفتەنامەیەکی هزریی ڕەخنەییە. دواتر گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێگەیشتووین دەستنیشانکراون لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو، سەرچاوەکانیش بە شێوەیەکی زانستییانە ڕیز و پۆڵێنکراون. لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

**دەستەواژە گرنگەکان:** ڕەخنەی ڕەخنە، ئامانج لە ڕەخنەی ڕەخنە، ڕەخنەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی، هەفتەنامەی فەرهەنگ.

## پێشەکی

سەرەتای سەدەی بیستەم بە سەرەتای دەرکەوتنی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ دادەنرێت، یەکێك لەو بابەتانەی کە لە دنیای ڕەخنەی نوێ ئەدەبیدا کە شیاوی باسکردن و وروژاندنە دەمانەوێت باسی بکەین و گرنگی پێبدەین و ببێتە کرۆکی توێژینەوەکەمان ئەویش تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەیە، ئامانج لە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەش بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ وتار و کارە ڕەخنەییەکان، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی دەقی ئەدەبی ئەنجام دەدرێت. بۆ مەبەستی زیاتر فەراهەمکردنی پرۆسەی داهێنان و پشکنینی لۆژیکییانە بۆ ئەو گوتانەی کە تێگەیشتن و وەرگرتن لێیان ئاسان نییە، بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە چالاکییەکی مەعریفییە، کە لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە وتار و کارە ڕەخنەییەکاندا دروست دەبێت، خستنەڕوو و ئاشکراکردن و پاراستنی بنەما تیۆرییەکەی لە سەردەمی ئێستادا گرنگی زۆری بە پایەی مەعریفیی ئەم زانستە داوە، چونکە ڕەخنەی ڕەخنە بەرهەمهێنانەوەی مەعریفی قووڵە لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەوڵی کاراکردن و دیاریکردنی سەرچاوەی ئەو لاواز و خەمساردییە دەدات، کە بزاڤی ڕەخنەییان کپ کردووە، کاریگەری هەیە لەسەر جوداکردنەوەی نووسینی ڕەخنەی زانستی لەگەڵ ڕەخنەی نازانستیی، هەوڵی هۆشیاکرنەوە و ئاگادارکردنەوەی ڕەخنەگران دەدات لە کاتی نووسینی کاری ڕەخنەیی، تا بتوانێت بە شێوەیەکی زانستییانە کار لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و کاری ڕەخنەیی بکەن، یان دوورخستنەوەی نووسەر لەو هەموو حەزی تاکە کەسی و شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی هەرەمەکی بێ ئەوەی بنەما و ڕێباز و میتۆدێکی زانستی بەکاربێنێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی چەند کار و وتارێکی ڕەخنەیی، کە لە هەفتەنامەی

(فەرهەنگ)دا، لەلایەن چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکەوە خراونەتەوە بەر باسی لێکۆڵینەوە، بۆیە ئێمەش لە ژێر چەمکی تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەوە هەوڵدەدەین هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە و پێداچوونەوە بۆ ئەم بەرهەمە ڕەخنەییانە بکەین.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوە باس لە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە دەکات وەك بنەمایەکی گرنگ لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سێ بەرهەمی ڕەخنەی لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)دا، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی دەقی ئەدەبی ئەنجام دراوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** لایەنە تیۆرییەکە بە تیۆری (ڕەخنەی ڕەخنە)، لایەنە پراکتیکییەکەی بە سێ بەرهەمی ڕەخنەیی لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ) سنووردارکراوە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگی و بایەخی لێکۆلینەوەکە لەوە دایە، کە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێ، لە ڕابردوودا هەستی پێنەدەکرا. بۆیە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە ڕۆڵیکی گەورە دەگێڕێت لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بە زیندووی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت. ڕەخنەگر بە دوور بێت لە هەر هزر و تێروانینێکی ئایدۆلۆژی و کەسی لە کاتی ئەنجامدانی کارە ڕەخنەییەکەی، پابەندبوونی توێژەر بە میتۆد و خاسیەت و بنەما ڕەخنەییەکەی.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە بابەتێکی گرنگە لە نێو ئەدەبیاتی گەلان و جیهان بە تایبەتی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئێستادا، هەرچەندە لەسەر ئەم بابەتە کەم تا زۆر بە شێوەیەکی گشتی باسی لێکراوە، بەڵام زیاتر لە چوارچێوەی پراکتیکیدا خۆیان دەنوێنن، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی سەرەنجێکی تەواو بخەینەسەر لایەنی تیۆریی بابەتەکە بۆ زیاتر ئاشناکردن و ناساندنی ئەم چەمکە بە خوێنەران، ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

**کێشە و گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئایە ڕەخنەگر و توێژەرانی کورد چۆن و تا چەند توانیویانە سوود لە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە ببینن و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت، هەروەها شەنوکەوی ئەوە بکەین تا چەند ڕەخنەی ڕەخنە لە نێو ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی بابەتییانە خەملیوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** ئەوەی پەیوەستە بە میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، ئێمە پەیڕەوی (تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە) مان کردووە، کە خۆی لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی و شیکردنەوەی بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی دەبینێتەوە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەوەی پەیوەستە بە پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمیان تیۆرییە، کە پێنج تەوەرە لە خۆدەگرێت: تەوەرەی یەکەم باس لە تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە دەکات. لە تەوەرەی دووەمدا چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە خراوەتە ڕوو. تەوەرەی سێیەم باس لە ئامانجی ڕەخنەی ڕەخنە دەکات. هەرچی تەوەرەی چوارەمە باسی ڕۆڵ و گرنگی ڕەخنەی ڕەخنە لە بەرەوپێشچوونی دەق و ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. تەوەرەی پێنجەم پەیوەندی بە مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنەوە هەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە بەشی دووەم سەرلەبەری پراکتیکییە، ئەویش بە پراکتیزەکردنی نموونەی چەند کارێکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی، لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)ی هەولێردا، کە هەفتەنامەیەکی هزریی ڕەخنەییە.

**بەرهەم و پڕۆژە زانستییەکانی پێشوو:**

لە بارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە لە دووتوێی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زانکۆ و وتار و توێژینەوەکانی نێو گۆڤارەکان بە پێی ئاگاداریمان، کە بەدواداچوون و گەڕانمان بۆ کردووە، ئەم کارانەی خوارەوە لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە ئەنجامدراون:

**أ: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1- (د. پەرێز سابیر محەمەد)، (1999)، لە زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی زمان، تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری).

2- (د. فواد ڕەشید محەمەد)، (2004)، لە زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی ئاداب، تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی).

3- (ڕێبین خلیل قادر)، (2009)، لە زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی زمان، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەردوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کورد) و ( کاروانی شیعری نوێی کوردی) بە نموونە.

4- (کارزان کەریم ئەمین)، (2009)، لە زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی زمان، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (ئاڕاستە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی).

**ب: توێژینەوەی نێو گۆڤارەکان:**

5- (ڕزگار ساڵح)، (1992)، (پڕۆژە) کتێبێکی وەرزییە، ژمارە (1) بە ناونیشانی (گەشتی دەبابەکەی عەتا فایەق بە ناوی (گیان) ی گۆڕاندا).

6- (سابیر حوسێن)، (1999)، گۆڤاری کاروان، ژمارە (134)، بە ناونیشانی (بنیادی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتگرایی.. یان دووڕیانی مردن لە ڕازێکی نەدرکاودا).

7- (نەجم خالید ئەڵوەنی)، (1999)، گۆڤاری کاروان، ژمارە (137)، بە ناونیشانی (ڕازێکی نەدرکاو لە نێوان هونەری دەق و پڕۆژەی ڕەخنەدا- ڕەخنەی ڕەخنە).

8- (فواد ڕەشید محەمەد)، (2003)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (80) بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕەخنە).

**1ــ 1 تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە:**

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکان، کە تا ئێستاش ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی  بە سەر ڕەوتی هزری ڕەخنەییەوە دیارە، کە دەقێکی ڕەخنەیی هەڵدەبژێرێت لەلایەك بە دوای پێداچوونەوەی وتە و بیر و بۆچوون و بنەما ڕەخنەییەکە دەگەڕێت، لە لایەکی ترەوە کێشەی جێگربوونی دەقی ئەدەبی لە چوارچێوەی مەبەستێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە. کەواتە ئەرکی ڕەخنەی ڕەخنە ئەوەیە لایەنە کلۆمدرامەکان  بکاتەوە، کە ئامانج و مەبەست لە تێگەیشتنی تاك لە دنیای تیۆرە ئەدەبییەکان، پێشەنگ و سەرمەشقی ئەم تیۆرە ڕەخنەییەش کەسێکی وەکو (تەزفیتانت تۆدۆرۆف)، کە کتێبی هەیە بە ناونیشانی (النقد النقد). ئەو لەم کتێبەدا لە سیاقێکی گرێدراودا بۆ زاراوە بەکارهاتووەکان دەگەڕێت و دەڵێ: وشەی ڕەخنەی ڕەخنە واتای ئیرادەی حکومدانێکی واقیعییە بەسەر دەقدا جا بە هەر چۆنێك بێت، هەروەها جگە لە گفتوگۆکردنی دەقەکە بەهای دەقەکەش ڕوون و ئاشکرا دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەداتەوە کە سەبارەت بە کەڵێنەکانی دەقەکە سەریان هەڵداوە، چونکە ئەوەی ڕەخنە پێمانی دەبەخشێت لە ڕێگای چەند ڕستەیەکەوەیە، ئەوەندە خودی دەقە ئەدەبییەکە پێمان نابەخشێت .

ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە لەوێوە سەرچاوەی گرت کە لە دوای سەرهەڵدانی نازییەکانەوە ئازادی بەرتەسك کرایەوە، بۆیە لە دوای ساڵی (1933) کەسێکی وەکو (ملتیشینخەر)ی ئەڵمانی گوتی: دەبێت ڕەخنە لە ئێستا بێت، هەروەها دەبێت سەربەخۆ بێت لە هەموو ئاڕاستەکان و بە شێوەیەك کە خاڵی بەیەکگەیشتنی کلاسیك و نوێخوازی بێت. بەناوبانگ و ناسراوترین پێشەنگی ئەم تیۆرەش وەکو پێشوو ئاماژەمان پێکرد (تزفیتانت تۆدۆرۆف)ە، بۆیە ئەم تیۆرە بەرهەم هاتووە، چونکە بەشێکی ئەو ڕەخنانە کە لە کاتی خۆیدا لە دەقی ئەدەبی گیراوە، لە ڕیشەوە نەبووە نەتوانراوە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە بێت و خوێنەر و گوێگر بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات. ( محەمەد،2020: 87ــ 88).

بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی کارکردنەوە گۆڕانکاری تەواوی بەسەرداهات. چیدیکە ڕەخنە هەوڵی دیاریکردنی لایەنی باشە و خراپەی دەقی نەدەدا، ڕەخنە لەوێوە هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی دەق، بەخشینی واتایەکی دیکەی بە دەق دەدا. بۆیە گەلێك لە ڕەخنەگران پێیانوایە ڕەخنەی ڕەخنە لە منداڵدانی ڕەخنەدا لەدایکبووە، بەڵام سەبارەت بە ڕاستیی مەسەلەکە سەرەتای لە دایکبوون و پەیدابوونی ڕەخنەی ڕەخنە ناڕوون و نادیارە کە پەیوەست بێت بە زانستێك، یان بە کاتێکی دیاریکراو، یان ئەدەبێك کەواتە دەتوانرێت بڵێین: گەشە و سەرهەڵدانی لە ڕێگەی کەڵەکەبوونی مەعریفییەوە وەردەگرێت بە بێ گوێدانە ئەو سیستەمەی کە دروستی کردووە، هەروەها بۆ زیاتر قسەکردن لە سەر ئەم چەمکە لە ڕووی ئامرازی کاری ڕەخنەییەوە (ئەدۆنیس) دەستەواژەی ئەدەبی نووسەر، ئەدەبی خوێنەری ئاماژەپێکردووە. (ادونیس، 1996: 49).  هەروەها هەندێکیتر دەڵێن: (هەڵوێستی ڕەخنەیی)، کە پێگەیەکی ئیستاتیکیی دەرکردووە، بۆیە ئەگەر باس لە ڕەخنەی ڕەخنە بکەین ئەوە ئاسان نییە ئەوە وامان لێدەکات بپرسین جۆر و چۆنیەتی  خوێندنەوە لە لایەن پیادەکەرانی ئەم تیۆرە پڕاکتیزەکراوە چۆن بووە تا چەند زانستیی بووە؟ (ستولنتیز 2007: 569).

جگە لەم پرسە دەبێ بپرسین ئایا پڕاکتیکردن و ئیشکردن لەسەر ئەم بابەتە پێویستیی بە بوێریی زیاد هەیە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، چونکە ڕەخنەگر لە ڕووی مەعریفییەوە دەبێت هەڵقووڵاوی دەریای مەعریفی و ڕۆشنبیری و هزری و ڕەخنەیی بێت، تاوەکو لەسەر هێڵێکی ڕاستی خوێندنەوە بڕوات بێ ئەوەی گوێ بۆ حەز و ئارەزوو و لایەنە خودییەکان شل بکات. بۆیە دەکرێت بڵێین: ڕەخنەی ڕەخنە چالاکییەکی داهێنەرانەیە. واتە لەگەڵ کاری ڕەخنەی دەقدا کارلێك دەکات و هەوڵی

دۆزینەوەی نەسەق و ڕاست و دروستی ڕەخنەی ئەدەبی دەدات، ئاسۆی دیکە بە ڕووی خوێنەردا دەکاتەوە. کەواتە تێۆری ڕەخنەی ڕەخنە هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو وتارە ڕەخنەییانەی کە لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی، کە ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ کردووە. بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە هەڵدەستێ بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوون و تێڕوانینە ڕەخنەییانە، کە لەبارەی بەرهەمی ئەدەبییەوە ئاماژەی پێکراوە لایەنی باشی و خراپی ئەم بەرهەمانە خراوەتە ڕوو، بۆیە لێرەدا تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەی ئەدەبی پشت بە کۆمەڵێك بنەما و میتۆدی زانستیی دەبەستێت بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی نەسەقی بەرهەمە ئەدەبییەکە، ئایە تا چەند توانیوویەتی حەقی خۆی پێبدات؟ یان تا چەند زانستییانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە؟ یان تا چەند ڕەخنەگر لە خولیا و حەزو و ئارەزووی تاکەسیی خۆی بە دوورگرتووە؟ یان ئەوەتە ڕەخنەگر توانا و شارەزایی لە بەرهەمی ئەدەبی هەر ئەوەندەیە؟ بۆیە دەبێت ڕەخنەگر کەسێکی تیۆرناس و تیۆرزان بێت و شارەزایی لە بواری ئەدەب و فەلسەفە و هزر و هونەر و بەشێك لە زانستەکانی تر هەبێت. کەواتە دەبێت ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاڤە و هەڵسەنگاندن بۆ دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بکات. ئەگەرنا دووچاری هەڵەی زانستیی دەبێت، چونکە ((ئەدەب بە تایبەتی ئەدەبی ئەم سەردەمە ئاڵۆز و بە گرێ و گۆڵ و تێکچڕژاوە. جگە لەمەش ئەدەب پارچەیەکە لە ژیان خۆی، هەروەها پارچەیەکیشە لە ئادەمیزاد خۆی . واتە ــ زات و مەوزوع ــ لە پرۆسێسێکی ئاڵۆزدا لە کاری هونەرییدا یەکدەگرن )). (میراودەلی، 2021: 99ــ 100).

کەواتە ئەدەب مێژوویەکی زیندووە کە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و ڕەخنەگر شێوە و ڕوخسارەکانی دیاری دەکا. نەوەك کەسێکی ئاسایی لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایە هەموو کەسێك دەتوانیت ئەم مێژووە ڕاڤە بکات و لێکدانەوە و حوکمی لەسەر بدات؟ واتە ئەم توانایەمان لەباردا هەیە ئەگەر ڕۆشنبیرییەکی تەواو و پتەو هەمەلایەنمان نەبێت؟ یان بەهرە و چێژ و ئەزموون هەر ئەوەندەی لە دەست دێت کە بڵێین: ئەو دەقە باشە، یان خراپە، یان خۆش و ناخۆشە، یان جوان و ناشرینە ئەمە زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە سەرچاوە جەوهەرییەکانی ئەو خۆشی و ناشیرنییە، یان ئەو باش و خراپییە چین و لە کوێوە سەرهەڵدەدەن؟ لە کۆی گشتی ئەم دوو پرسیارە دەتوانیین بڵێین: مەبەستمان واتا زانستییەکەی ڕەخنەیە و مەبەست لەمە ئەوە نییە کە ڕەخنەی ئەدەبیی لە ڕەخنەگر دووربخەینەوە ئەو مافە لە ڕەخنەگران بسێنینەوە، کە ڕای خۆی بەرامبەر بە دەقی ئەدەبی دەرببڕێ، بەڵکو ڕەخنەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستکردنەوە و خوێندنەوەی دووەمی ئەو بەرهەم و وتارە ڕەخنەیانەیە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و نامەکان ئاماژەیان پێکراوە، جا بە لایەنی باشی کاری ئەدەبی بێت، یان بە لایەنی خراپی کاری ئەدەبی بێت. واتە ڕەخنەی ڕەخنە هەڵدەستێ ئەم بەرهەمە ڕەخنەیە ئەدەبییانە دووبارە دەخوێنێتەوە و شەنوکەویان دەکات ئایە تا چەند ڕەخنەگر توانیوویەتی پڕ بە پێستی بابەتەکە هەژموونی بکات و بەرگێکی زانستییانەی لەبەربکات؟ کەواتە بوونی بیرێکی زانستیی مەرجی سەرەکیی ڕەخنەگرتنە، چونکە هەر بیری زانستییە کە دەتوانێ پەیڕەو و بەرنامەیەك بداتە ڕەخنە و لە هەمانکاتدا ڕەخنەی ڕەخنەوە، کە لە ئاژاوە و دەربڕینی بیروڕای خودی و بێ سەروبەری دووری بخاتەوە. بیری زانستیی پێشکەوتنخوازانە بۆ ڕەخنەگر دەلوێنێ کە کاری ئەدەبی بە تێکڕایی بە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێتەوە، بایەخی کۆمەڵی و ئیستاتیکیی ئەو کارە لە ڕێڕەوی بزوتنەوەی سەردەمدا دیاری بکا. (میراودەلی، 2021: 100).

**1ــ 2 چەمك و پێناسەی ڕەخنەی ڕەخنە:**

بەر لە ناساندنی چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لە سەرچاوەکانی تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبییدا، زاراوە و دەستەواژەی جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە بەکارهێنراوە، سەرەتا زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە پەیوەندی بەو چەمکە هەبوو، کە یۆنانییەکان بەکاریان دەهێنا بە ناوی (میتا). لە بەشی هەشتەمی کتێبەکەی (عبدالمالیك مرتاض)بە ناونیشانی (فی نظریە النقد) ئەم دەستەواژەی ناساندووە و پێی وایە (میتا) دەستەواژەیەکی گریکییە، سەرەتا لای یۆنانییەکان ئەم دەستەواژەیە هاتە ناساندن و دواتر بە هۆی بەرەوپێشچوونی سەردەم و ڕۆشنبیریی خوێنەر و نووسەران ئەم دەستەواژەیە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بەسەرداهات بۆ مەبەستی تر هاتە ئاراوە، تا وای لێهات ئاوێتەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بوو. ڕەخنەگرانی عەرەبی هاوچەرخ بە زۆری ئەم پێشینەی گریك (میتا) دەگێڕنەوە بۆ زاراوەی (چی) لە پشتەوە، یان لەدوای، یان ئەودیو، بەڵام بە لکاندنی ئەم دوو زاراوەیە ڕەخنە ڕەخنە (نقد النقد) ئەرك و مەبەستی زاراوەکە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێك مەبەستی جیا، وەك نووسەران هەریەك بە پێی تێڕوانین و بیربۆچوونی خۆیانەوە شیکردنەوە و لێکدانەوە و واتایان بەم چەمکە بەخشی. (مرتاض، 2010: 221). ئەم زاراوەیە لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا کۆمەڵێك زاراوە و دەستەواژەی دیکەی بۆ بەکارهاتووە، وەك (میتا ڕەخنە). ( دیب، 1995: 54). (ڕەخنەی دیالۆگیی). (تۆدۆرۆف، 1986: 143). (شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی). (یقتین، 1989: 46). خوێندنەوەی ڕەخنەیی. (یقتین، 1989: 47). ئەو

کۆمەڵە وشە و زاراوە و دەستەواژانە وەکو فۆرم و شێوە، یان ڕووخسار جیاوازن، بەڵام لە کرۆکدا هەڵگری یەك واتا و مەبەستن، ئامانجێکی دیاریکراوییان هەیە گەرچی لە ڕواڵەتدا جیاوازن.

بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە (نقد النقد) چەندین پێناسە و دەستەواژەی جیاوازی هەیە، کە توێژەران تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاوازییان لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە هەیە بۆ مەبەستی دیاریکردنی واتاکەی، بێگومان ئەم جیاوازییانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی جیاوازی لە ئاراستەی هزری و تیۆرییەکان، کە ڕەخنەگران هەیانە لەبارەی ئەم بابەتە، هەروەها جگە لەمەش بە هۆی هەبوونی جیاوازی لەو دەستپێکە (ئیپستمۆلۆژی) و بونیاتە فەلسەفییانەی کە دەستپێکێکی زانیاری پسپۆڕی و تیۆری بۆ هەریەکە لەم توێژەرانە دروست دەکات، ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو تێگەیشتن و دەستەواژانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون لە ئەنجامی شیکردنەوەی دەقە جیاوازەکان و هاوشێوەکانیان دەخاتە ژێر چنگ و هەژموون و ڕکێفی خۆیەوە بە شێوەیەکی گەورە و بەرفراوان. (محمد، 2009: 106).

کەواتە ڕەخنەی ڕەخنە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە وشە و دەستەواژە و پێناسەی جیاوازییان لەبارەیەوە کردووە هەریەك لە توێژەران لە ڕوانگا و بیروبۆچوونی خۆیانەوە لێکدانەوەیان بۆ ئەم دەستەواژە کردووە. بۆ نموونە: ڕەخنەی ڕەخنە لای ڕەخنەگر (ئەندرسۆن ئمبەرت) بە واتای (گوتاری ڕەخنەیی ) دێت، یان بە هەمان واتای لێکچوو دێت کە ڕەخنەگرەکان لەگەڵ شاعیر و داهێنەرەکان ئەنجامی دەدەن، لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنە دەڵێت: ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی هەڵبژاردنی چەند دەقێکی کەم کە لەلایەن ڕەخنەگری ڕۆشنبیر و بە توانا بۆ شکاندنی ئەو ژمارە نهێنی و گرێ کوێرانەی لەبارەی دەقە ئەدەبییەکان خراوەنەتە ڕوو. بۆیە لێرەدا ڕەخنەی ڕەخنە هەڵدەستێت بە کردنەوە و لێکدانەوە ڕوونکردنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. (امبرت، 1991: 6). (د. حمید الحمدانی) لە دەربڕینێکی کورتدا بەمشێوەیە ڕەخنەی ڕەخنە دەناسێنێت و دەڵێت: (( پەیوەستە بە ڕەخنەی داهێنانەوە، نەك خودی داهێنانەکەی خۆی)). (الحمدانی، 2014: 9).

هەروەها لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنە (جابر عصفور) بەمجۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: ڕەخنەی ڕەخنە چالاکییەکی مەعریفییە، کە لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە وتارە ڕەخنەییەکاندا دروست دەبێت، خستنەڕوو و ئاشکراکردن و پاراستنی بنەما تیۆرییەکەی، (جابر عەصفور) واتای ڕەخنەی ڕەخنەی لە پێداچوونەوە (مراجعە) قەتیس و تەسك و کورت کردۆتەوە، بێگومان ئەم پێداچوونەوە ڕەخنەییەش سێ شێوەی لە خۆگرتووە ئەوانیش بریتین لە: دەستەواژەی ڕەخنەیی، بنیاتی ڕاڤەیی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ، پێویستی ئەو ڕێکارانەی کە ڕەخنەگر ئەنجامی دەدات لە کاتی ئیشکردنی کارە ڕەخنەییەکەی لە پێناو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی دەقە ئەدەبییە جیاوازەکاندا و شیکردنەوەیان. کەواتە ڕەخنەی ڕەخنە بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی (جابر عصفور): بریتییە لە پێداچوونەی دەقە ئەدەبییەکان و وتارە ڕەخەنەییەکان بۆ ساخکردنەوە و سەلماندنی ئەم بەرهەمە ڕەخنەییە ئەدەبییانە، کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئەنجام دەدرێت. (عصفور، 1981: 164). هەروەها (د. نجوی الریاحي) دەڵێت: (( ڕەخنەی ڕەخنە گوتارێکە لە شەنگست و زمان و ئامرازە شیکارییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە )). (الریاحی، 2009: 35). جگە لەم دەستەواژە و چەمك و پێناسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە لە لایەن نووسەر و فەیلەسووفانەوە ڕوونکردنەوەیان بۆ کردبوو ئەوە بۆ زیاتر زانین و ناساندنی ئەم دەستەواژەیە هەوڵدەدەین کۆمەڵێك پێناسە و وشە و دەستەواژەی تر لە لایەن نووسەرانەوە بخەینەڕوو: بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە (Meta Criticism) واتای دیکەشی هەیە، بە واتای ڕۆشنبیریی خوێنەر، یان خوێندنەوەی خوێندنەوە دێت. وشەی یەکەم (میتا) بە واتای ئەودیو، یان دژ دێت. وشەی دووەم بە واتای ڕەخنە دێت. کەواتە دەبێتە ئەودیوی ڕەخنە، دژە ڕەخنە. کۆی توێژەرانی ئەم بوارە لەسەر ئەوە کۆکن، ڕەخنەی ڕەخنە وەکو زاراوە تازەیە، بەڵام وەکو چەمك و کارکردن کۆنە. تەنانەت وەکو چەمك لەناو سێ ئاراستەی مەعریفییدا هەبووە، گرینگترینیان (( ئاراستەی فینۆمینۆلۆجیا، سیمۆلۆجیا و دەروونیین)). (عیاد، 1987: 46). لە ناو ئەم ئاراستانەدا خۆی کاری کردووە و لەوێوە گەشەی کردووە. بۆیەش نووسینی ڕەخنە ڕەخنە زۆر بواری گرتەوە، تاوەکو گەیشتە بواری ڕەخنەی ئەدەبی. ئەگەر بمانەوێت لە بابەتی ڕەخنەی ڕەخنە تێبگەین، یان ئاراستە و ئامانج و مەبەستی بزانین سەرەتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بابەتی ڕەخنە لە وشە و دەستەواژەکانی، یان لە چەمك و پێناسەکانی بگەین، بۆچی بەکاردێت و لە پێناو چی کاردەکات و مەبەستی چییە. کەواتە کۆمەڵێك پرسیاری هزری ڕەخنەیی دێنە ئاراوە بۆیە سەرەتا پێویستە وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارە بدەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕەخنەی ڕەخنە و ڕۆڵ و گرنگی و ئامانج و مەبەستی ڕەخنەی ڕەخنە بگەین و دووبارە ئەو گوتارە ڕەخنەییە ئەدەبییانە لە قاڵب بدەین بۆ ئەوەی سەنگی مەحەکی ئەم گوتارانە لە تەرازووی پێوان و کێشانی ڕەخنەی ڕەخنە هەڵسەنگێنین بۆ دەرخستنی چێژ و بەها و ڕەگەزە ئەدەبییەکان و دیاریکردنی مەبەستی دەقی ئەدەبی. (گرنگترین پێناسەی ڕەخنەی ڕەخنەی هاوچەرخ، کە (الدغومی) ئاماژەی پێکردووە ئەویش بریتییە لەوە کە (دغومی) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە

کە سروشتی وانەی ڕەخنەی ڕەخنە پێڕەو و بەرنامەیەکی (ئیپستیمۆلۆژیی)یە ئەو بنەما و ڕێسا و بابەتانەی کە بۆ تەرخان دەکەن. شێوەکانی تری گوتاری مەعریفی و زانستی دەستپێدەکات لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنی ئیپستیمۆلۆژی، کە لە بنەڕەتدا پرۆگرامی خوێندنە کە بە دوای ڕەخنەدا دێت، یان بە زمانێکی تر بۆ بوون بە ئیپستیمۆلۆژی تایبەت بە ڕەخنە، ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ڕەخنەی ڕەخنە ڕێبازێکی زانستییە). (دغمومی، 1999: 7). زۆر لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر زانستی ڕەخنە کردووە، سەبارەت بە چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە یەکێك لە بەناوبانگترین توێژەرانی بواری ڕەخنەی ڕەخنە لە ڕەخنەی عەرەبی هاوچەرخ (محمد دغمومی)یە کە ڕەخنەگرێکی مەغریبییە زۆر خزمەتی بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کردووە (دغمومی)، سەبارەت بە ڕەخنەی ڕەخنە دەڵێت: ڕەخنەی ڕەخنە تا ڕادەی قەوارەی مەعریفی بەرزدەبێتەوە لە نێوان قەوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ڕەخنەی ڕەخنە دەبێتە نامەیەکی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی دووبارە هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە هەوڵێکی شێلگیرانە بۆ دیاریکردنی ئەو عەقڵییەتەی کە دروستی کردووە. هەروەها (خالد بن محمد بن حفدان ئەلسبی) بەم جۆرە ڕەخنەی ڕەخنە دەناسێنێت: (ڕەخنەی ڕەخنە پرۆسەیەکی کەڵەکەبووی بنیاتنان و قورسە، چونکە ئەو پێی وایە ئایە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقەکە لە کوێوە دەستپێدەکات؟ نووسەر کێیە؟ یان ڕەخنەگر کێیە؟ کەواتە پرۆسەیەکی ئەدەبییانەیە گەر لەم پێناسەیە وردبینەوە دیارترین شت کە ڕەخنەیە بۆ هاندان و هاندەری ڕەخنەگر و نووسەر و خوێنەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ڕەخنەیی ڕوونی دەکاتەوە. واتە هەر ڕەخنەیەك بە شێوەیەکی دیاریکراو و شێوازێکی جیاواز ئیش لەسەر لایەنە ئەدەبییەکە دەکات). (السیابی، 2010: 14). لە نێو پێناسەکاندا کە (د.عبداللە تۆفیق) لە ژیاننامەی خۆیدا دەڵێت: لە ڕەخنەی عەرەبی هاوچەرخدا نزیکبوونەوەیەك هەیە لە بیروبۆچوونەکانی ڕەخنەکانی ڕەخنەگر (گوتی) لە بواری ڕەخنەکاریدا، هەروەها پێی وایە بواری ڕەخنە وەك کارێك لە بواری فەلسەفەی زانست، یان تیۆری مەعریفە، یان گەرچی بە زانستی (ئیپستمۆلۆژی) ناسراوە، ئەگەر ڕەخنە لە کاری ئەدەبی وەك بابەتێك وەربگیرایە لای ئەو هەمان ڕەخنە دەبێتە بابەتێك لە ڕەخنەدا، بە واتایەکی تر ئەو ڕەخنانەی کە ڕەچاو دەکرێن زمانێك کە یەکەم زمانی ئەدەبی بە زمانی کاری ئەدەبیی وەسف دەکات، بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە زمانێکە بە زمان وەسف دەکرێت، جگە لەوە کە ئەم زمانە توانای ئەوەی هەیە بابەتەکەی لە ڕێگای زمانێکەوە ڕێکبخات. کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ وەسفکردن لەسەر چۆن یەکەم زمانی ڕەخنەیی بەکاربێنن. (تۆفیق، 2012: 12). (عبداللە تۆفیق) لەم پێناسەیە پێی وایە کە جیاوازی نێوان ڕەخنەی رەخنە و ڕەخنە ئەو زمانەی بۆ زمانی وەسفی باسکراوە ئەوەیە لە گوتاری ڕەخنەی جیای دەکاتەوە، چونکە ئامرازی تیۆریی هەیە و میتۆدێك لە هەر قسەیەکی تری جیادەکاتەوە.

هەروەها (احمد شهاب) لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە دەڵێت: ئەگەر ڕەخنەگران ئەوە بزانن کە خوێندنەوە هەیە بۆ خوێندنەوەکانیان ئەوە بە ڕێگایەکی ڕاستر ئیش بۆ هەوڵی خوێندنەوەکانیان دەکەن، کە لە ڕێگای خوێندنەوەی دووەمەوە ئەم کارە دەکرێت ئەمەش وا لە ڕەخنەگر دەکات بەسۆزێکی ڕەخنەگرانەوە خوێندنەوە بۆ کاری ئەدەبی بکات، هەرچەندە هیچ ڕەخنەیەك نییە کە نەتوانرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ڕەخنەی لێبگیرێت، هەرچەند ڕەخنەیەکی جەوهەریش بێت. کەواتە ڕەخنەی ڕەخنە تەنها کار لەسەر بەرهەمی لاواز ناکات، بەڵکو هەموو بابەتێکی ڕەخنەیی دەخاتە ژێر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە، بۆ ئەوەی لە فەزای دەقی ئەدەبی بگەین و جیاوازی لە نێوان خراپ و چاکدا بکەین ئەم کارەش لە ڕێگای ڕەخنەی ڕەخنەوە دەکرێت. (الخطاب، 2015: 12).

(احمد شهاب ) بۆ زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە دەڵێت: زانینی زانینە و هەوڵدانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگاندن، ئەویش لەسەر ئاستی کردارەکە کە لە دوو زمانەوە نزیکە: یەکەمیان: زمانی دەقی ڕەخنەییە و دووەمیان: زمانی دەقی داهێنەرانەیە، بەمشێوەیە ڕەخنەی یەکەم تیشك و ڕۆشنایی دەخاتە سەر زمانی دەقی ڕەخنەیی، بەڵام ڕەخنەی دووەم، یان خویندنەوەی دووەم جەخت لەسەر خوێندنەوەی یەکەم دەکات. لێرەدا جیاوازی دوو نووسەر، یان ڕەخنەگر، یان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم دەردەکەوێت و ڕێکەوتنەکانیش دەردەکەون، ئەگەر سەرنج لە پێناسەکانی (احمد شهاب) بدەین دەبینین پێناسەی یەکەم بە ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ وەسف دەکات وەك ڕەخنە، چونکە ڕەخنە کاری مرۆڤە هەمیشە ڕاستکردنەوەی ڕاستکردنەوەیە، ئەوەی ئێمە تێی بگەین ئەوەیە ڕەخنەگر (ئەحمەد شهاب) لە ڕێگەی ئەم دوو پێناسەوە هەوڵدەدات ئەوە نیشان بدات خوێندنەوەی دووەم، یان ڕەخنەی ڕەخنە دەست لە دەقی داهێنەر دەگرێت و دیاردەکانی داهێنان و ڕەخنە ڕوون دەکاتەوە، بە لێکدانەوەی دیاردە ڕەخنەییەکان جوانکارییەکانی داهێنانی ئەدەبی دەناسێتەوە و فێردەبێت.

**1ــ 3 چییەتی ئامانجی تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە:**

سەرەتا دەكرێت لە پرسیارێكەوە دەست پێبكەین و بزانین ئامانج چییە لە ڕەخنەی ڕەخنە؟ لە وەڵامدا دەكرێت بڵێین: ڕەخنەی ڕەخنە ئامانج تێیدا (فەراهەمكردنی پرۆسەی داهێنان و پشكنینی لۆژیكییانەیە بۆ ئەو گوتانەی كە تێگەیشتن و وەرگرتن لێیان ئاسان نییە). (دیب، 1995: 213). لە هەمانكاتدا مەبەست و ئەركی ڕەخنەی ڕەخنە ((بەرامبەركردن و بەراوردكردنی كاری ڕەخنەییە لەگەڵ هەقیقەتی ئەو میتۆد و و ئاراستە و چەمك و زاراوە ڕەخنەییانەدا، كە ڕەخنەگری دەق كاری پێكردوون، یاخود بانگەشەی بۆكردوون)). (ئەمین، 2009: 2). ڕەخنەی ڕەخنە كاركردنە لە بارەی ڕەخنەوە، ڕاڤەكردنی دەقی ڕەخنەییە. ئەم چەمكە (( گوتارێكە بە دوای بنەماكانی ڕەخنەیی و زمان و چەمك و كەرەستە و هۆكارەكانی ڕاڤەكردنی دەقێك دەگەڕێت))( الریاعي، 2009: 35). لەم پێناسەیەوە دەردەكەوێت كە ئەم چەمكە پەیڤین و توێژینەوەی لەبارەی ڕەخنەوە، لێرەدا تەنێ لە ڕووی تیۆرییەوە مەبەست نییە، بەڵكو قسەكردنیشە لەبارەی ئەو وتارە ڕەخنەییانەی لە گۆڤار و هەفتەنامەكان دەنووسرێن لە بارەی دەقەوە. لێرەوە دەتوانین جیاوازی لە نێوان ڕەخنەی ڕەخنە و ڕەخنە ئەدەبی بكەین، ڕەخنەی ئەدەبی یەك ئامانجی هەیە ئەویش توێژینەوەیە لە دەقی ئەدەبی، هەڵسەنگاندن و لێكدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەكات. هەرچی ڕەخنەی ڕەخنەیە دوو ئامانج لە خۆدەگرێت ئەویش لەلایەك ڕەخنەی ئەدەبییە، لە ڕووی تیۆریی و پراكتیكییەوە، لەلایەكی تر كاركردنە لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەی دەقی ئەدەبی و دەق بە گشتی. كەواتە بواری ئیشكردنی ڕەخنەی ڕەخنە فراوانترە لە ڕەخنەی ئەدەبی، هاوكات ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتە بوارێك لە ڕەخنەی ڕەخنە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانیین بڵێین: (ڕەخنەی ڕەخنە بریتییە لە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و ڕاستكردنەوەی هەموو ئەو كارە ڕەخنەییانەی كە ئەركیان شیكرنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، كە ئەمەش لەپێناو بنیاتانی گوتارێكی ڕەخنەیی و مەعریفی كە تایبەتمەندییەتی بابەتییانە و ئیستاتیكییانەی دەقی ئەدەبی ڕەچاو بكات. ڕەخنەی ڕەخنە وەكو دیاردەیەك لە ناو توێژینەوە ڕەخنەییە ئەدەبییەكاندا، هەر لە خۆیەوە بە چەشنێكی هەڕەمەكی دروست نەبووە، بەڵكو وەڵامێكە لەهەمبەر ئەو هەلومەرجەی كە دەوری ڕەخنەی ئەدەبی تەنیووە، یەكێك لە دەرهاوێشتەكانی ئەو پەرەسەندنانەی كە تێۆر و میتۆدە ڕەخنەییەكان بە خۆیانەوە بینیووە، كە زۆربەیان سیما و ئەرك و ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە تەنانەت هەژماركردن و چەشی تێگەیشتنیشییان سانا نییە، هەر ئەمەش وای كردووە كە تێكچرژاوی و جۆرە تەنگەژە و ئاڵۆزبوونێك بەرۆكی ڕەخنەی ئەدەبی بگرێتەوە، كە ڕەخنەگری ئینگلیزیی (ئای _ ئای ریچاردز) ئەم دیاردەیە بە ئاژاوەگێریی تیۆرە ڕەخنەییەكان ناودەبات). (رتشاردز، 1963: 41- 46). ئەم ئالۆزبوونەش ڕەخنەی ئەدەبی كردۆتە گۆڕەپانی تاقیكردنەوە و سەلماندنی چەندین تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی جیاواز، تەنانەت ڕەخنەگرانی سەر یەك ڕێباز لە دیدی جیاواز كاریان كردووە، هەر بۆیە لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕەخنە هەوڵی شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی گوتاری ڕەخنەیی داوە، بێگومان لەگەڵ گۆڕانی بواری ئیشكردنی ڕەخنە لە دەقەوە بۆ (گوتاری ڕەخنەیی) ستراتیژییەتی هاوكێشەی (شیكردنەوە و هەڵسەنگاندن)یش گۆڕاوە. (ڕەشید، 2005: 90). كەواتە ئامانجی سەرەكیی ڕەخنەی ڕەخنە هەوڵدانێكە بۆ پاراستنی كاری ڕەخنەیی لە هەر ئەگەرێكی هەڵەی بابەتییانەی ڕەخنەگری ڕەخنەی ئەدەبی كە دووچاری دەبێتەوە لە كاتی ڕاڤەكردن و هەڵسەنگاندنی كارە ڕەخنەییەكاندا بەرۆكی دەگرێت، ئەمەش بە ئامانجی دەرخستنی ئەو میكانیزمانەیە كە خودی پرۆسەی ڕەخنە بەڕێوە دەبەن. (المسدي، 1994: 12). بێگومان لە ڕێگەی ئەم ڕێ و شوێنانەوە ڕاستی و دروستیی جۆری كارە ڕەخنەییەكە ئاشكرا دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هۆشیاری و ناسینەوەی كارە ڕەخنەییەكەی، دەتوانرێت هەرچی گومان و ترس و تێكەڵكاری و هەڵەی زەقی ڕەخنەگر هەیە ڕوون و ئاشكرا بكرێن، بەمەش ڕەخنەی ڕەخنە ئەركی ((وریاكردنەوەیە لە لایەنە شاراوەكانی نێو دەقی ئەدەبی و پرۆسەی ڕەخنەگرتن لە هەمان كاتدا و ئەو ئاڵۆزی و بەیەكداچوونانەی دەبینێت، كە هەریەكە لە ئەدەب و ڕەخنە ڕۆڵیان هەیە لە شاردنەوەیاندا)). (المسدي، 1994: 12). هەروەها ڕەخنەگر (جابر عصفور) كە بە یەكێك لە ڕەخنەگەرەكانی عەرەب دادەنرێت لە سەردەمی ئێستادا و یەكێكە لەوانەی كە گرنگی زۆری بە پایەی مەعریفیی ئەم زانستە داوە، كاتێك كە واتای ڕەخنەی ڕەخنە دیاری دەكات دەڵێت: قسەیەكی ترە لە ڕەخنەی ئەدەبی و لە دەوری دەخووڵێتەوە لە سەرچاوەی خودی ڕەخنەكەوە، یان توێژینەوەكە هەڵدەقوڵێت و دەبێتە بنەمایەكی گرنگی زانستی و فەلسەفی كاری ڕەخنەیی و ئامانجی لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی بەرهەم و كاری ڕەخنەییە. واتا پێداچوونەوە بە دەستەواژەكانی ڕەخنەدا و بنیاتە ڕاڤەییەكانی لەگەڵ پێداویستییەكانی تری، هەروەها لە سوچێكی تردا نووسین و خوێندنەوەیەكە بۆ كەلەپووری ڕەخنە. (عصفور، 1981: 164).

**1ــ 4 ڕۆڵی ڕەخنەی ڕەخنە لە بەرەوپێشبردن، یاخود ئاڕاستەکردنی دەق و ڕەخنەی ئەدەبیدا:**

ڕەخنەی ڕەخنە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرەپێشچوونی ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبی. ڕەخنەگری دەقی ئەدەبی، دەبێتە سەکۆیەك بۆ ئەوەی بە دەقی ڕەخنەی ئەدەبی بچینەوە، ئەوە تەنها ڕەخنـەی ئـەدەبی نییـە لـە هەڵسـەنگاندن و ڕاڤـەکردنی دەقـی ئەدەبی دەکات، بەڵکو شتێك هەیە ئەم ڕەخنەیە و ئەم دەقە ڕەخنەیە دەکاتە بە ڕکێف و هەڵسەنگاندنی خۆی لە تەرازووی خۆیدا ئاستیان بۆ دیاری دەکات. کەواتە دووبارە دەچێتە ژێر بواری ڕەخنەوە. ئەم تیۆرە (( کرداری سەلماندن و هەڵبژاردن، ڕێکخستنەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە بەبێ ئەوەی گوێ بە هەر بانگەشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی بدات، لـە ڕاسـتیدا ڕەخنەیـەکی دیکەیـە بـۆ گەیشـتن بـە دەقی ئەدەبی)). (دغمومی، 1999: 166). کەواتە ڕۆڵی ڕەخنەی ڕەخنە سـەرلە نـوێ ڕێکخسـتنەوەی بابەتـەکانی ڕەخنـەی ئەدەبییـە، ئەمەش بەو واتایەی دەقە ئەدەبییەکە و بۆچوونەکانی ڕەخنەگر لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکا و ڕێکیان دەخاتەوە، بۆ ئەوەی لـە هـەر بـێ میـتۆدی و ئـەنجامێکی نـا هزریـی نالۆژیکییانـە دووری بخاتـەوە. ئەگـەر ڕەخنـەی ڕەخنـەمان هـەبێت ڕەخنـەی ئـەدەبی و ڕەخنەگرەکانمان ناتوانن بە پێی بیرکردنەوەی کەسیی و بە بێ میتۆد توێژینەوەی ڕەخنەیی بنووسن. کەواتە یەکێك لە ئەرکەکانی ئـەم تیۆرە هەڵوەشاندنەوەی نووسینی ڕەخنەییە بۆ ئەوەی هەموو ئەو کاریگەرییە لاوەکییانەی وەکو ئایدۆلۆژیا و باوەڕە کۆمەڵایـەتیی و سیاسییانەی ڕەخنەگر وەکو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی دەق پەنای بۆ بردوون دەربخات. لـە لایـەکی دیکـەوە دەبێـتە هۆکارێـك بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی خوێنـەر، ئـەویش لـەپێناو ئـەوەی خوێنـەر یەکراسـت نەکەوێـتە بـەر کاریگـەریی بۆچوونـەکانی ڕەخنەگر، بەڵکو ئەو بۆچوونانە هەڵسەنگێنێ و لێکدانەوەیان بۆ بکات. بەمەش پەیوەندییەکی تازە لە نێـوان خوێنـەر و دەق و ئـەو نووسینە ڕەخنەییەی لەبارەی دەقەکەوە نووسراوە دروست دەکـات. ئەمـە پـێمان دەڵێـت: دەبـێ خوێندنەوەیـەکی تـازە بـۆ چەمکـە ڕەخنەیی و ئەو کەرەستانەی نووسینی ڕەخنەییان پێدەنووسرێت بکەین. بێگومان ئەرکی کاری ڕەخنەیی لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە بینایی و ڕووناکی خۆی بەزاندووە. واتە بە کار و کردەوەیەکی فروانتر پیادەی ئەرکەکانی خۆی دەکـات بـە شـێوەیەك (خودی ڕەخنە بووەتە کەرەستەیەك بۆ ڕەخنەگرتن بەمەش ڕەخنـە بـە چەشـنێکی عـەقڵانیتر، بـە شـێوازێکی پـڕ بایـەخ و وریایانـەتر هەوڵی باشترکردن و جوانترکردنی چەمك و ئامرازەکانی خۆی دەدات). (الحجلوني، 1989: 250).

کەواتە لە کۆی ئەو باس و خواستانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕەخنەی ڕەخنە ئیشکردنە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەخنە و توێژینەوەی دەقی ئەدەبی، هەروەها هەوڵ بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی لـەم تیـۆرە بـێ بـەش نـەبێت، ڕەخنـەی ڕەخنە لە سەر پێیەکانی خۆی بوەستێت، بێگومان ئەویش لە قازانجی بەرەوپێشـبردنی ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردییـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو نووسینە ڕەخنەییانەی لەبارەی ئەدەبەوە باس دەکرێن وەکو ژەهر نەخرێنە بـەردەم خوێنـەر، بـە بـێ میـتۆد ڕاڤـەی دەقـی ئـەدەبی بکات، هەر تەنها وشە ڕیزکردن نەبێت. کەواتە چـۆن ڕەخنـەی ئـەدەبی کاریگەرییـەکی تـەواوی هەیـە لەسـەر بەرهـەمهێنانی کـاری نووسینی دەقی هونەریی و ئەدەبییانە، بە هەمان شێوەش ڕەخنەی ڕەخنە کاریگەری هەیە لەسەر نووسین و توێژینـەوەی ڕەخنـەی تێـر و تەسـەل، چونکـە ڕەخنـەی ڕەخنـە بەرهەمهێنـەرێکی مـەعریفیی قووڵـە لـەبارەی ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە، کاریگـەری لەسـەر جوداکردنـەوەی نووسـینی ڕەخنـەی زانسـتی لەگـەڵ نووسـینێکی ڕەخنـەی نازانسـتی دەکـات، هـەروەها ڕەخنـەی ڕەخنـە هـەوڵی هۆشیاکرنەوە و ئاگادارکردنەوەی ڕەخنەگران دەدات لە کاتی نووسینی کاری ڕەخنەیی تا بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانە کار لەسەر بەرهـەمی ئـەدەبی و کـاری ڕەخنـەیی بکـات، یـان دوورخسـتنەوەی نووسـەرە لـەو هـەموو حـەزە تاکـە کەسـییە، شـرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی هەرەمەکی بێ ئەوەی بنەما و و ڕێباز و میتۆدێکی زانستی پەیڕەو بکات. کەواتە ڕەخنەی ڕەخنە ڕۆڵ و گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە بەرەوپێشچوونی کاری ڕەخنەیی و دەقی ئەدەبی، دەتوانین بڵێین: ڕەخنەی ڕەخنە ئەرکی دوولایەنەی هەیە، یەکێکیان ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە ڕەخنەگری ئەدەبی بەرەو ئاڕاستەیەکی ڕاست و دروست ببات لەو هـەموو هەڵە و حەز و ئارەزوو و هەڤاڵبەندیی و ناسیاوی و تاکە کەسی بە دووری بخاتەوە، دووەمـیش کـار لەسـەر خـودی دەقـی ئـەدەبی دەکـات، دووبـارە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکاتـەوە، دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە بـزانین ڕەخنـەی ڕەخنـە تـەنها ئـەرکی ڕاسـتکردنەوە و دەستنیشانکردنی لایەنی نەرێنی ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەگر نییە، بەڵکو ڕاستی و دروستی و لایەنی ئـەرێنی ئـەو بەرهەمـە ڕەخنەییانەیە، کە لە لایەن ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیی کاری لەسەر دەکرێت. کەواتە کاری ڕەخنەی ڕەخنە دوو ئامانج لە خۆدەگریت ئەویش: ((بە خوێندنەوەی کـاری ڕەخنـەیی، خوێندنەوەیـەکی هەڵسـەنگێنەرانە، لـە هەمانکاتـدا لـە میانـەی ئـەم خوێندنەوەیـەدا تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ دەقی ئەدەبیی ڕەخنەلێگیراو دەبێت)). (محمد، 2009: 122).

(مارینۆ ئادریان) تێڕوانین و ڕۆڵ و گرنگیی تیۆری ڕەخنـەی ڕەخنـە لـە کۆمـەڵێك پێشـیناز کۆدەکاتـەوە کـە پـەیوەنییان بـە ڕەخنـەی ڕەخنەوە هەیە، هەروەها ڕەخنەگر (ئەندریان)، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەی ڕەخنەی بە هۆشیاریی ڕەخنەیی بنیاتناوە بـە دوا قۆناغـەکانی

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناوزەندی دەکات. یان ڕەخنەی ڕەخنە بۆ هۆشیاری ئەدەبیات دەگەڕێنێتەوە، هەروەکو (ئەلیکساندەر سکۆ) دەڵێت: ڕەخنەی ڕەخنەیە دەقە ئەدەبییەکان دەکاتە ئامانجی چالاکییەکانی. واتە ڕەخنەی ڕەخنە ئەو نووسینە ڕەخنەییانە شیدەکاتەوە، کە لەسەر داهێنەر نووسراوە، هەروەکو (تۆدۆرۆف) بە جۆرێك بە (ڕەخنەی دیالۆگیی) دەستنیشانی دەکات. (مدینی، 2008: 38ــ39).

**1ــ 5 مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنە:**

**1ـ 5ــ 1 ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا:**

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنە لە ڕۆژئاوا هەندێك لە توێژەر و نووسەران ئاماژە بەو بیروبۆچوونە ڕەخنەییانە دەکەن، کە لە لایەن (ئەرستۆ)وە لە سەردەمی یۆنانی کۆندا سەبارەت بە تیۆری شیکردنەوەی مامۆستاکەی (ئەفلاتۆن) کە تێیدا نوێنەرایەتی دەکرد، دەکرێت بە یەکەم درەوشانەوەی ڕەخنەی ڕەخنەی ئەدەبی بێت لە ئەنجامی سەرەنج و ڕەخنە لەسەر بۆچوونەکانی مامۆستاکەی لە کتێبی کۆماردا، بۆیە دەکرێت تیۆرە ڕەخنەییەکەی ئەرستۆ لەسەر بیروبۆچوونەکانی مامۆستاکەی بە یەکەم سەرەتای ڕەخنەی ڕەخنە دابنرێت لە شارستانییەتی یۆنانی کۆندا. هەرچەندە ڕەخنەی ڕەخنە ڕوون نییە، سنوورەکانی وەك فۆڕمێك لە زانین پێناسە دەکرێن و دەناسرێنەوە. (محمد، 2009: 127).

ئەگەر باس لە ڕەخنەی ڕەخنە بکەین لە ڕۆژئاوادا ئەوە کتێبەکەی (تۆدۆرۆف) بە یەکەم کتێبی ڕەخنەی ڕەخنە دادەنرێت، کە لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی (نقد الحواري) واتە (ڕەخنەی دیالۆگی)یی هاتووە. (محمد، 2009: 127). هەروەکو ڕەخنەگری جەزائیری (عبدالمالیك مرتاض) دەڵێت: ڕەنگە (تۆدۆرۆف) بە یەکەم ڕەخنەگر بناسرێت بە ڕاشکاوانە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنەی بەکارهێنابێت و چوارچێوەیەکی بەرنامەڕێژی (سیستەماتیکی) پێبەخشیووە و بناغەی بۆ دانا بۆیە لە مێژووی نوێدا کتێبەکەی توێژەری فەڕەنسی (تیزفیتان تۆدۆرۆف (1939-2017) کە بە ناونیشانی ڕەخنەی ڕەخنەوە لە ساڵی 1984 بڵاویکردۆتەوە، بە هەوڵێکی ئەم بوارە دادەنرێت، جێی ئاماژە پێدانە کە (د. سامی سویدان) لە ساڵی 1986 ئەم کتێبەی بە ناونیشانی (نقد النقد) وەگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی و لە لایەن (دار الشئوون الثقافیة العامة – بغداد) وە بڵاوکراوەتەوە. (ڕەشید، 2018: 85). بۆیە زۆرێك لە ڕەخنەگرانی نوێ و هاوچەرخ لە سەدەی بیستەمدا لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئامانج ومەبەستی خۆیان ئاشکراکردووە.

**1ــ 5 ــ 2 ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا:**

دەوترێت سەرەتای ڕەخنەی ڕەخنە لای عەرەبەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان، کە ڕەخنەکان لە بڕیاری ڕەخنەی زارەکی و دەرنەخراوەکان بۆ قۆناغی نووسین گوازرانەوە، بێگومان ئەم هەوڵەش زۆر گرنگ بوو لە ڕەخنەی ئەدەب و کایەی ئەدەبی عەرەبی، بە شێوەیەکی ورد و بابەتیانە بڕیاری ڕەخنەی بەراورد بە ئەوانەی پێشوو هەیە. یەکەم هەوڵی ڕەخنەیی، یان بۆچوونی ڕەخنەیی بۆ ڕەخنەی ڕەخنە لە کتێبە ڕەخنەییە کۆنەکانەوە دەستپێدەکات چەندین فۆڕمی جیاوازی وەرگرتووە. (مرتاض، 2010: 230). بۆیە ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا سەرەتا بێ ئەوەی ئاماژە بە وشە و دەستەواژەکەی بکرێت لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بوونی هەبووە لەنێو کارە ڕەخنەییەکانییاندا ڕەنگیداوەتەوە. (النیة، 2007: 14). بەڵام لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی بابەتیانە و زانستیانەتر هاتە دەنگ و کاردانەوەی دروستکرد لەسەر بەرهەمی ڕەخنەیی کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین: لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخ لە شارستانیەتی عەرەبدا دوو قۆناغ لە مێژووی پێشکەوتنی ڕەخنەی ڕەخنەی عەرەبی ڕەنگیداوەتەوە و سەرچاوەی گرتووە. یەکەم: قۆناغی کۆکردنەوە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستپێکرد ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی (طە حسین) لەسەر شیعری سەردەمی جاهیلیدا، کە بە یەکەم هەوڵ و پرۆژەی پراکتیکی دژ بە ناساندن. پاشان لە ساڵی (1950) زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە دەرکەوتن و هەوڵی سەرەتایی و هوشیاری و جیاوازیی نێوان ڕەخنە و ڕەخنەی ڕەخنەییان کێشاو و هەوڵی لێکجیاکردنەوەی ئەم دوو دەستەواژەییاندا. دووەم: قۆناغی دامەزراندن بێگومان ئەم قۆناغەش بە درێژە پێدەری قۆناغی پێش خۆی لە قەڵەم دەدرێت لە ڕووی دیاریکردنی بابەتی ڕەخنەی ڕەخنە و مەبەستەکەی بە وردی، بۆیە دەتوانین بەم جۆرە کارانە بڵێین: کاری ڕەخنەی ڕەخنە، وەك توێژەر (عبد) پشتڕاستی کردووتەوە، هەروەکو (النبی اصطیف)، دەڵێت: ڕەخنەی ڕەخنە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستپێکرد و پاشان بە هێزبوو ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە کاری ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی، توانی هاوسەنگی و متمانە بۆ دەقی ئەدەبی بگەڕێنێتەوە. کەواتە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا وەکو بەئاگاییانە و بەکارهێنانی ئەم زاراوە لەلایەن ڕەخنەگر و نووسەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. (قلقیلة، 1975: 23).

**1ــ 5 ــ 3 ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا:**

بۆ دیاریکردن و ساغکردنەوەی زاراوە و سەرەتای مێژووی (ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا)، دەشێ بەم پرسیارانە دەسپێبکەین. ئایا بەکارهێنانی ڕەخنەی ڕەخنە وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی بە ئاگاییانە بووە؟ یان بێ ئاگاییانە؟ ئەگەر بە ئاگاییانە بووە لەسەر بنەمایەکی زانستی بووە؟ هەروەها بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە؟ ئایا ڕەخنەی ڕەخنە بێ ئاگاییانە، بێ ئەوەی ئاماژە بە بەکارهێنانی زاراوەکەی بکرێت لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بوونی هەبووە؟ ئەگەر بوونی هەبووە لەسەر بنەمایەکی زانستی بووە؟ دەکرێت لە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەدا بڵێین: بەڵێ ڕەخنەی ڕەخنە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چ بێ ئاگاییانە بێت، یان بە ئاگاییانە لە بە کارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بوونی هەبووە جا لە سەر بنەمایەکی زانستیی بێت، یان نازانستیی بێت. چۆن؟

ئەگەر سەرەتا باس لە نەبوونی بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بکەین بە شێوەیەکی نازانستیی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئەوە تەمەنێکی درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وتار و نامیلکە ڕەخنەییانەی کە لە نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە شێوەی ئەڵقە بڵاوکراونەتەوە، بە پێی زانیاری و ئاگاداریمان سەرەتای زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بێ ئاگاییانە ناڕاستەوخۆ لە بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سی لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە شیعری کلاسیك، لەلایەن چەند شاعیر و نووسەرێکی ئەو سەردەمە لە سەر مەسەلەی کۆن و نوێدا هەستی پێدەکرێت، لەم ڕووەوە دەبینین لەو ماوەیەدا لە سەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چەند وتارێکی ڕەخنەیی بڵاوکراوەنەتەوە، کە سیما و بوونی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنەی لێ بەدی دەکرێت بێ ئەوەی ڕەخنەگر بە ئاگابێت لە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە. هەروەکو لە (گۆڤاری زاری کرمانجی) دا نووسەرێك بە ناوی (نەورۆز) لەژێر ناونیشانی (زمان) دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا هەڵویستی خۆی بەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی و پەسەند کردنی شیعری نوێ و بە تایبەتی شیعری نیشتیمانیی دیاری کردوو، بەڵام ئەم وتارە لە هەمان ساڵدا لە (شام) لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هاوار) دا لە لایەن ( حلمی رفیق) لە ژێر ناوی (جوابنامە) دا وەڵامی خاوەن وتار دەداتەوە، هەڵوێست و بۆچوون و بیروڕاکانی پەسەند دەکات. (د. پەرێز، 2006: 22). بۆیە دەکرێت بڵێین: یەکەم هەوڵ و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنە ناڕاستەخۆ واتە بێ ئاگاییانە لە خودی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وتارەی (نەورۆز). بەڵام نابێت ئەوەش لە بیربکەین ئەگەر خودی زاراوە ڕەخنەی ڕەخنە بێ ئاگاییانەش بێت لە بەکارهێنانی لەلایەن ڕەخنەگرەوە ئایا لەسەر بنەمایەکی زانستی بووە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو میکانیزمەی ڕەخنەی ڕەخنە پەیوەستە لە ئەنجامدانی لەسەر کارە ڕەخنە ئەدەبییەکاندا، بێگومان لە خودی وشەی (جوابنامە)وە دیارە کە لە لایەن (حلمی رفیق) ئاماژەی پێکردووە دوورە لە بنەمایەکی زانستیی، چونکە وتارەکەی زیاتر وەڵامێکی ڕەخنەیی بووە، بیروڕایەکی خودیی بووە بەرامبەر بە شێوازی نووسینی ئەم وتارە. بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم وتارەی نەورۆز لە هەندێك ڕووەوە نزیکە لە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە، چونکە یەکێك لە پێناسەکانی چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کارە ڕەخنەییە ئەدەبییەکان. بێگومان ئەمەش نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی بەکارێکی زانستی دابنێین، چونکە ڕەخنەی ڕەخنە لە ڕوویەکی ترەوە کار لەسەر ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانە دەکات تا چەند پابەندی ئەو میتۆدەی بوونە، کە لەلایەن ڕەخنەی دەقی ئەدەبی ئەنجام دەدرێت.

لە سییەکاندا، لە ساڵی (1932) لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژیان) دا (سیاپۆش) وتارێکی لەژێر ناوی (شاعیرەکانمان) دا بڵاوکردۆتەوە باسی چەند لایەنێکی گرنگی شیعری کردووە، وەك: پێناسەی شیعر و سەرچاوەی شیعر و ئەرکی شیعر و مەسەلەی کۆن و نوێی شیعر... هتد. هەربۆیە لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژنامەی (ژیان) بۆچوونی خاوەن وتارەکە لە بارەی شیعری کلاسیکی و شیعری نوێ لە زنجیرە وتارێکدا لە ژێر ناوی (یادگاری و لاوان) و (تەنقیدێکی ئەدەبی لە بابەت دەرچوونی (یادگاری لاوان) بە تەواوی ڕەتکراوەتەوە، بەڵام لە دواییدا لەلایەن چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکەوە بایەخێکی تایبەتی پێدراوە دەست لەسەر گرنگی دانراوە. (د. پەرێز، 2006: 23). بۆیە دەکرێت بڵێین: ئەم وتارە بە دووەم هەوڵ بناسرێت لە بوونی بێ ئاگاییانەی ڕەخنەگران لە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنەدا.

هەروەها سەبارەت بە گۆڤاری (گەلاوێژ) (1939_ 1949) لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەنگاوێکی زێرینی هەڵهێنا و بوارێکی فراوانتری بۆ ڕەخنەگر و لێکۆڵەران ڕەخساند بۆ خستنەڕووی بابەتەکانییان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنج و باس و خواستی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە تەرخانکردنی چەند لاپەڕەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ئەمە خۆی لە خۆیدا گرینگیدانە بەو بابەتە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ژمارە (8)ی ساڵی (1943) دا هاتووە ((گەلاوێژ لە ژێر ئەم ناوەدا _ لێکۆڵینەوە _ هەرجارە چەند لاپەڕەیەك تەرخان ئەکا، بەڵام بەو مەرجەی ئەوەی دەیەوێ لە شتێك بکۆڵێتەوە لانەدا لە ڕێی ڕاست. کەسێ بیەوێ ڕەخنە لە نووسینێکی ئەدەبی یا لە شیعرێك بگرێ دەبێت بەبێ ئەوەی خۆی لە خاوەن مەقال

بگەیەنێ مرازەکەی خۆی لە ڕووی ئەدەبییەوە بنووسێ)). (گەردی، 2017: 264). ئەم هەنگاوەی گـەڵاوێژ هەوڵێكـە بـەرەو ڕەخنـەی زانستی و دوورکەوتنەوە لە شەرە جنێو و قسـەی نەشیاو، چونکـە ڕەخنـە خزمەتکردنـە نـەوەك داشـۆرین و ناوزڕانـدن، بـەڵام لـە زۆربەی ژێدەرەکانی کوردی باس لەوە کراوە، گۆڤاری گەڵاوێژ بـووە هـۆی وەڵام و وەڵامکـاری و ململانێـی کەسـی و نـاشرینکردنی یەکتر و دەمەقاڵێ لە کاتی ڕەخنەگرتن لە یەکترەوە، دواجار گەڵاوێژ بڕیاری داخستنی ئەو چەند لاپەڕەی دا، کـە تـەرخانیکردبوو بـۆ ڕەخنە، بێگومان لەگەڵ سەرهەڵدانی بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی لە گۆڤاری گەڵاوێژدا لە تەك ئەم چەمکە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بـە ناڕاستەوخۆ بێ ئەوەی ئاماژە بەو زاراوەیە بکرێـت، لەلایـەن ڕەخنەگرانـەوە لـە ئـەنجامی کـارە ڕەخنەییەکانییانـدا بـوونی هـەبووە. هەرچەند ڕەخنەی ڕەخنە وەکو بەکارهێنانی لە ڕووی زاراوە بوونی نەبووە، بەڵام دەکرێت بڵێین: لە نێو کارە ڕەخنەیەکانییاندا ئـەم زاراوەیە ناڕاستەوخۆ کاری پێکراوە، چونکە ڕەخنەی ڕەخنـە هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی کـارە ڕەخنەییەکانـە واتـە ئـیش لەسـەر ڕەخنەی ئەدەبی دەکات بە پێی ئامانج و میکانیزمی خۆی، کە لەلایەن ڕەخنەگری دەقی ئەدەبی ئـەنجام دەدرێـت، بێگومـان ئەگـەر تەماشای ئەو وتارە ڕەخنەییانەی نێو گۆڤاری گەڵاوێژ بکەین، دەبینیین زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنەی تێیـدا بـەدی کـراوە، بـەڵام نابێـت ئەوەش لە بیربکەین هەرچەند ئەم وتارانە ڕەخنەگرتن لە یەکتر و پەیڕەوی کاری ڕەخنەییان کردووە، بەڵام هەندێکییان دوور بـووە لە بوار و بنەمایەکی زانستی، کە لەلایەن زۆربەی ڕەخنەگرانەوە ئەم کارە بە دەمەتەقێ و توانج و شەڕە وتار و شێوازێکی نازانسـتی وەڵام دراوەتەوە، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە ئێمە سەرتاپا بە توانج و شەڕە وتـار نـاوی ببـەین، بـەڵکو چەنـدان نموونـەمان هەیـە دەکرێت بڵێـین: وەڵامێکـی ڕەخنەگرانـە بـووە و دوور بـووە لـە هێرشـکردن و داشـۆرین و تـوانج، چەنـد بیروڕایـەکی ڕەخنـەیی لـە خۆگرتووە، بەڵام نابێ ئەوەش لە یادبکەین (ئەم جۆرە نووسینە ڕەخنە ئامێزانە، هێمن بن، یان تووڕە لە هەردوو بارەکەدا ناچنە ناو بازنەی ڕەخنەی ڕەخنەوە بە مانا زانستییەکەی، چونکە ڕەخنەی ڕەخنە ئامانج ومیکانیزمی خۆی هەیـە و دوورە لـە زمـان و شـێوازی پلارگرتن و خاترگرتن و چاوپۆشیکردن. هەروەها لە نووسینەکانی ڕەخنەی ڕەخنە لەو جۆرە نووسینانە بەدی دەکرێت، کە نووسەران ـ لە ڕێگەی نووسین لەسەر بەرهەمی یەکتر ـ بە سەربەخۆیی بێـت، یـان تێکـەڵ بـە ڕەخنەیـەکی پراکتیکـی کرابێـت، بیـروڕای خۆیـان لـەبارەی پێکهاتـە و کاریگـەری ڕەگـەزە ئەدەبییـەکان و زاراوە ڕەخنەییـەکان و کێشـەکانی ئەدەبناسـی دەربڕیـووە و ڕەخنەشـیان لـە بۆچوونی یەکدی گرتووە. لێرەدا جۆرێك لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتی ڕەخنەیی ئامادەیی هەیە. (ڕەشید، 2018: 98). ئـەم سەرهەڵدانە زیاتر بۆ بێ ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە دەگەڕێتەوە.

هەروەها سەبارەت بە پرسیارەکەی تر ئایا ڕەخنەی ڕەخنە بەئاگاییانەی ڕەخنـەگر لـە بـەکارهێنانی وەکـو زاراوە لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی کوردیدا بوونی هەیە؟ ئەگەر بوونی هەیـە لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتیی بـووە، هـەروەها بـۆ چ سـەردەمێك دەگەڕێتەوە؟ بێگومـان بەکارهێنانی خودی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردییدا، تەمەنێکی زۆر درێژی نییە وەکو بـەکارهێنانی لـە نێـو توێژینـەوە و وتارە ڕەخنەییەکاندا.

ئەوەی ئێمە زانیاریمان لەسەری هەبێت سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەی (ڕەخنەی ڕەخنە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1992) کـە لە ژمارە (1)ی کتێبی ( پرۆژە) دا لە لاپەڕە سێدا بەکارهاتووە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەلایەن دەستەی نووسەرانی (پرۆژە) بـووە لە کاتی پۆلێنکردنی بابەتەکاندا زاراوەکەیان بۆ نووسینێکی (ڕزگار ساڵح) بەکارهێناوە. بێگومان بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنـە دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی نووسەرانی (پرۆژە)، کە درکیان بەم زاراوەیە کردووە، نەوەك لەلایەن ڕەخنەگرەوە ئاماژە بەم زاراوەیە، یان ئەم چەمکەیە کرابێت، ئەمەش زیاتر خۆی لە بێ ئاگایی ڕەخنەگر دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، بۆیە ئەم کارە ڕەخنەییە زیاتر دەچێتە نێو کاری ڕەخنەی ڕەخنەی پراکتیکیی نەوەك تیۆریی و ڕەخنەگر ئاماژە بە چەمك و زاراوە و پێناسەی ڕەخنـەی ڕەخنـە بکـات، بـەڵام نابێـت ئـەمـەش لـە بیربکرێـت ڕەخنـەگر (ڕاسـتەوخۆ بێـت، یـان ناڕاسـتەخۆ بابـەتێکی گرنگـی (ڕەخنـەی ڕەخنـە) ی ورووژاندووە، کە بریتییە لە چۆنییەتی و چەندییەتی ڕەچاوکردنی جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان پێکهاتەی بابەتییانە و ئیستاتیکییانەی دەقی ئەدەبیی و ئەو میتۆدەی کە دەقەکەی پێ شیدەکرێتەوە). (ڕەشید، 2018: 94). بۆیە ئەوەی ئەم کارە ڕەخنەییەی (ڕزگار ساڵح) لەگەڵ ئەوانی پێشووتر کە باسـمان کـرد جیادەکاتـەوە تـەنها ئەوەیـە (ڕزگـار) لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتی و ڕەچـاوکردنی میتۆدێکی ڕەخنەیی کارەکەی ئەنجام داوە، بەڵام ئەوانی پێشوو هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی لە کارەکانیان نابینرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەم وتارانەی پێشووتر کە باسمانکرد ڕەخنەی ڕەخنەیە بە واتا سادە و گشتییەکەی، نـەك بـە واتـا زانسـتییەکەی. ئەگـەر تەماشـای کتێبـی (پرۆژە) بکەین، کە کتێبێکی وەرزییە لە لاپەڕە (49_ 81) لێکۆڵینەوەیەکی ( عەتا فایـەق قـەرەداغی ) بڵاوکردۆتـەوە، بـە ناونیشـانی (( دیالیکتیکی خود و گیان و جیهـانبینی نـوێ لـە هەڵبەسـتی (گیـان)ی گۆرانـدا)). (قـەرەداغی،1992: 49). لـە دوای ئـەم لێکۆڵینـەوە ڕەخنەییەوە، یەکسەر چاومان بە نووسینێکی ئەندازیار (ڕزگار ساڵح) دەکەوێت بە ناونیشـانی ((گەشـتی دەبابەکـەی عـەتا فایـەق بـە

ناوی "گیان" ی گۆراندا)) (ساڵح، 1992: 83 ). لە سەرەتای نووسینەکەیدا ئاماژە بۆ توێژینەوە ڕەخنەییەکەی (عەتا) دەکات و دەڵێت: (( ڕەخنەکە لە سەر پێوەدانی ڕێبازی بنیادگەریی (البنویە) دارێژراوە، بەو پێیە لە هەڵبەستەکە لە بنیادی سەرەکی دوانەی خود و گیان دامەزراوە و چەند لقە بنیادێکی وەك: (دابڕان، لێکچوون، جووتبونی ئیحتمالی دابڕان) ی لێبۆتەوە. پێش ئەوەی چۆنیەتی پێکهاتەی بنیاد و لقە بنیادەکەوە بیری سەرەکی و لاوەکیی هەڵبەستەکەدا شۆڕببمەوە.. بە جورئەتەوە ئەڵێم کە هەموو دەقێك (النص) ڕێبازی بونیادگەری بەسەردا ساغ ناکرێتەوە... و ئەم دەقەی گۆران یەکێکە لەو دەقانەی کە بە زۆر ئەو بونیادانەی تیا ڕەخسێنراوە بینادە سەرەکییەکەی لە دوانە (خود) و (گیان) دامەزراندووە و لقە بونیادەکانی لەسەر ئەم دووانیە دارێژاوە بەڵام لە لقە بونیادی ((دابڕان) ی کۆتایی دا (لەش) یش قووت ئەبێتەوە و ئەبنە سیانە !! ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی لێکدانەوە بونیادگەرییەکە تووشی نوشستی بووە... )). (ساڵح، 1992: 83_ 84). لێرەدا ئەوەی جێگای باسکردن و پرسیارە ئایا (ڕزگار ساڵح ) بە شیوەیەکی زانستی و بابەتی و بە ئاگاییانە توانیوویەتی بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی رەخنە بەرجەستە بکات لە نێو بەرهەمە ڕەخنەییەکەیدا، بێگومان لە وەڵامدا دەڵێین: لە ڕووی زانستیی و بابەتییەوە بەڵێ. هەروەکو لە پێشووتر باسمانکرد، ئینجا دەکرێت بێ ئاگاییانە بێت، یان بە ئاگایی بێت، بەڵام بێگومان بێ ئاگاییانە بووە لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە، بۆیە دەستەی نووسەرانی (پڕۆژە) درکییان بەم ڕاستییە کردووە ئەم زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنەیان بۆ بەکارهێناوە، بەکارهێنانەکەش لە ئاستی پراکتیکیی و لە شوێنی شیاوی خۆی بووە. هەروەکو پێشووتر ئاماژەمان پێکرد ئەم کارەی ڕەخنەییەی (ڕزگار ساڵح) دەچێتە نێو خانەی ڕەخنەی ڕەخنەی پراکتیکییەوە، بەبێ ئاماژەکردن و باسکردن و وردبوونەوە لە زاراوە و چەمك و تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە.

ئەگەر وەڵامی یەکێك لەو پرسیارانەی کە لە سەرەوە، ئاماژەمان پیکرد بدەینەوە، ئایا ڕەخنەی ڕەخنە بەئاگاییانەی ڕەخنەگر لە بەکارهێنانی وەکو زاراوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بوونی هەیە؟ بەڵێ. ئەگەر بوونی هەیە لەسەر بنەمایەکی زانستی بووە؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر ئەویش ئاماژەکردن بە وتاری مامۆستا (نەجم خالید ئەڵوەنی) لە ساڵی (1999) لە ژمارە (131)ی گۆڤاری کارواندا بە ناونیشانی (ڕازێکی نەدرکاو) بڵاوی کردۆتەوە، دواتر لە هەمان گۆڤاری (کاروان) لە ژمارە (134)دا (سابیر حوسێن) نووسینێکی ڕەخنەیی لەسەر چیرۆکی (ڕازێکی نەدرکاو) ی (ئەڵوەنی) بە ناونیشانی (بنیادی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتگەرایی .. یان دووڕیانی مردن لە ڕازێکی نەدرکاودا) بڵاودەکاتەوە. دواتر (ئەڵوەنی) لە کاردانەوەی نووسینە ڕەخنەییەکەی (سابیر حوسێن) دا هەر لە هەمان گۆڤاری (کاروان) لە ژمارە (137)دا وتارێکی بە ناونیشانی (( ڕازێکی نەدرکاو لە نێوان هونەری دەق و پرۆژەی ڕەخنەدا _ ڕەخنەی ڕەخنە)). بڵاوکردۆتەوە. (حوسێن 1999: 11_13). لە ئەنجامی ئەم کارە ڕەخنەییەدا (ئەڵوەنی) لە ناونیشانی وتارە ڕەخنەییەکەدا ئاماژە بە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە دەکات. واتە ڕەخنەگر بە ئاگاییانە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بەکاردەهێنێت، درك بەم زاراوەیە دەکات. بەڵام ئەوەی جێگای باسە پەیوەستە بە توێژینەوەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ڕەخنەگر توانوویەتی ئەم چەمکە لەسەر بنەمایەکی زانستی و بابەتی بەکاربێنێت؟ یان ئەوەتە تەنها وەکو کاردانەوەیەك، یان هەڵچوون و وەڵامدانەوەیەکی ڕەخنەیی بووە؟ (( ئەگەر بە وردی سەرەنجی وتارەکەی ناوبراو بدەین، دەبینین وتارەکەی زیاتر (وەڵامێکی ڕەخنەییە) یان (مافی وەڵامدانەوە)، چونکە وتارەکەی زیاتر بیروڕایەکی خۆیەتی بەرامبەر بە شیوازی دەقنووسینی خۆی )). (ڕەشید، 2018: 96). ئەگەر ڕەخنەگر لەسەر بنەمایەکی زانستی وەڵامی بەرامبەر بداتەوە ئەویش بە پێی ئەو میکانیزم و میتۆدە ڕەخنەییەی، کە لە چەمك و بەها ڕەخنەییەکان دەکۆڵێتەوە، بێگومان لەم کاتدا دەکرێت ئەم وتارە رەخنەییەی (ئەڵوەنی) بە ڕەخنەی ڕەخنە دابنێین، بەڵام ئەگەر دووربێت لە هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی میکانیزم و میتۆدی ڕەخنەیی لێرەدا دەتوانین بڵێین: وتارە ڕەخنەییەکەی (ئەڵوەنی) ڕەخنەی ڕەخنەیە بە مانا سادە و گشتییەکەی، نەك بە مانا زانستییەکەی.

هەروەها ئەگەر ئاماژە بە وتارەکەی دکتۆر (فواد ڕەشید) بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕەخنە) بکەین لە گۆڤاری (ڕامان) لە ژمارە (80)ی ساڵی (2003). بڵاویکردۆتەوە. هەرچەندە ئەم وتارە نووسینێکی کورتە لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین: یەکەم هەنگاوی بە ئاگاییانەی نووسەر بووە لە ناساندنی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بە شێوەیەکی تیۆریی و بەکارهێنانی لەسەر بنەمایەکی زانستی، وتارەکەی زیاتر خۆی بەلایەنی تیۆرییەوە گرێداوە، نەك پراکتیکیی، واتە بە ئاگاییانەی نووسەر لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ کاریگەری ئەو دوو وتارە ڕەخنەییەی ( ئەڵوەنی) و (ڕزگار ساڵح) دەگەڕێتەوە. نەك پشتی بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەستبێت، کە باس لە چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە کردبێت، واتە درکی بەم زاراوەیە کردووە و توانیوویەتی بە شێوەیەکی تیۆریی ئەم زاراوەیە بناسێنیت، دەکرێت بڵێن: یەکەمین هەوڵبووە لە ناساندنی زاراوەی (ڕەخنەی ڕەخنە) لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە شێوەیەکی تیۆریی. (رەشید، 2005: 90-94). هەر چەندە لە پێشووتر ئاماژەمان بە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە کردووە، کە لەلایەن چەند

نووسەر و ڕەخنەگرێكەوە بووە، بەڵام زیاتر ئەم وتارانە خۆیان لە چوارچێوەی پراكتیكی دەبیننەوە، نەك باسكردنی چەمك و زاراوە و ناساندنی ڕەخنە ڕەخنە بە شێوەیەكی تیۆری، بۆیە دەكرێت بە یەكەم هەوڵی سەرەتای ناساندنی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە دابنرێت.

لە گفتوگۆكانی پێشوودا سەبارەت بە چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە زیاتر لە ئاستی ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری و گۆڤاری كوردییەوە خۆی دەبینێتەوە، ئەویش زیاتر ئەو وتار و نووسینە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە، كە لە ئەنجامی كاردانەوەی نووسینێكی ڕەخنەیی لەسەر هەر ژانرێكی ئەدەبی نووسرابێت، ڕەنگیداوەتەوە ئینجا چ لەسەر بنەمایەكی زانستی بێت، یان نا زانستی بێت، بەڵام ئەوەی جێگای باس و خواستی ئەم تەوەرەیە دەمانەوێت لێرەدا لەسەری بدوێین و مەبەستمانە ڕەخنەی ڕەخنەیە لە ئاستی ڕەخنەی ئەكادیمییدا، ڕەخنەی ئەكادیمییش زیاتر ئەو كەرەستە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە، كە لە بواری ئەكادیمی ئیشی لەسەركراوە ئەویش نامەكانی خوێندنی باڵایە وەكو نامەی (ماستەر و تێزی دكتۆرا) كە لە بەشە كوردییەكاندا وەكو توێژینەوەیەكی زانستیی پێشكەشكراون.

ئەوەی ئێمە پێی ئاگادارین و زانیاریمان لەسەر هەیە سەبارەت بە زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاستە ئەكادیمییەكەدا ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو جۆر، یەكێكیان: ئامادەیی سیما و سنووری چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە واتە بە ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە تێگەیشتن و بەكارهێنانی چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە، ئینجا چ پەیوەندی بە لایەنی تیۆرییەوە بێت، یان پراكتیكیی. دووەمییان: بێ ئامادەیی سیما و سنووری چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە، ئەمەش بێ ئاگاییانەی ڕەخنەگر دەگرێتەوە لە بەكارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە، بۆ تاوتوێكردنی ئەم مەسەلەیە ئەوە بە شێوەیەكی ڕێزبەندی باس لەو نامە ئەكادیمییانە دەكەین، كە ئامادەییان هەیە لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا، كە سیما و مۆركی ڕەخنەی ڕەخنەییان پێوە دیارە:

یەكێك لەو نامانەی كە دەمانەوێت ئاماژەی پێبكەین نامەی (د. پەرێز سابیر محەمەد) بە ناونیشانی (ڕەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، ساڵی 1999. (ئەم لێكۆڵینەوەیە سروشتی ئەو پەیوەندییە دیاری دەكات كە ڕەخنەی ئەدەبی كوردی بە مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعری كوردی دەبەستێتەوە لە ڕێگای دیاریكردنی هەڵویستی ڕەخنە بەرامبەر بەو مەسەلانە كە كرۆك و بابەتی شیعریان پێكهێناوە و ڕادەی پێگەیشتنی بیری ڕەخنەیی و قۆناغەكانی پەرەسەندنی ڕەخنە لە ئەدەبی كوردیدا دیاری دەكات). (سابیر، 2006: 8).

لەم لێكۆڵینەوەیدا (د. پەرێز) ئاماژەی بە چەندین بابەت و بیروڕای ڕەخنەیی ئەدەبی كوردی كردووە. وەك: (مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعری و دیاریكردنی سیماكانی پەرەسەندنی و ڕەخنەی ئەدەبی كوردی و كێشەی نێوان كۆن و نوێ، ڕەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شێوەی هونەری شیعر، وەك: (زمانی شیعر و كێشی شیعر و سەرواى شیعر)، ڕەخنەی ئەدەبی كوردی مەسەلەكانی نوێكردنەوەی ناوەڕۆكی شیعر، وەك: گۆڕان و نوێكردنەوەی ناوەڕۆكی شیعر، نوێكردنەوەی بابەتەكانی ناوەڕۆكی شیعر، وەك: (مەسەلەی پابەندبوون و مەسەلەی تەمو مژی شیعر و یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی...). (پەرێز، 2006: 655_656). بەڵام ئەوەی جێگای باسكردنە ئایا توێژەر ئاماژەی بە چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە كردووە؟ بێگومان نەخێر. هەروەكو پێشووتر ئاماژەمان پێكرد ڕەخنەی ڕەخنە لەسەر ئاستی ئەكادیمیدا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا بۆ دوو مەسەلە دەگرێتەوە، یەكەم: ئامادەی چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە، لە نێو توێژینەوەكەی، یان بە ئاگاییانەی توێژەر لە بەكارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە توێژینەوەكەیدا. ئینجا لەسەر بنەمایەكی زانستیی بێت یان، نازانستیی، دووەم: نا ئامادەیی سنوور و سیمای چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە لە نێو توێژینەوەكەدا، یان بێ ئاگاییانەی توێژەر لە بەكارهێنانی، بە پێی بیروبۆچوون تێڕوانینمان ئەم توێژینەوەیە زیاتر پێداچوونەوەیەكی تیۆرییە بۆ بیروبۆچوون و چەمكی ڕەخنەیی، بەڵكو زیاتر تاوتوێكردن و سەرەنجێكی ڕەخنەییە، نەك گوتارێكی ڕەخنەیی، بەڵام خودی توێژینەوەكە لە چوارچێوە گشتییەكەیدا سەر بە بواری ڕەخنەی ڕەخنەیە.

هەروەها یەكێكیتر لەو نامانەی، كە مۆركی ڕەخنەی ڕەخنەییان پێوە دیارە ئەویش نامەكەی (د. فواد ڕەشید محەمەد) بە ناونیشانی (ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی كوردی، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، 2004).

ئەم نامەیە بە ئامادەبوونی جۆرە تێگەیشتنێك لە چەمكی ڕەخنەی ڕەخنەوە، شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بەرهەمە ڕەخنەییەكانی ڕۆمانی كوردیی كردووە لە سەر ئاستە ئەكادیمییەكە و ڕۆژنامەگەرییەكە. ئەویش بە هۆی ئامادەیی سیما و سنووری چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە واتە بە ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە تێگەیشتن و بەكارهێنانی چەمكی ڕەخنەی ڕەخنە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی پراكتیكییەوە هەیە، نەك تیۆری. واتە توێژەر زیاتر چەمكی ڕەخنەی ڕەخنەی لە ئاستی پراكتیكیدا بە كارهێناوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناساندن و چەمك و سنوور و گرنگی و ئامانجی ڕەخنەی ڕەخنە بكات. بۆیە هەر كارێكی ئەكادیمیی، یان نووسین و بابەت و بەرهەمێكی ئەدەبیی، گرنگ ئەوەیە سەرەتا چەمك و زاراوە و ڕۆڵ و گرنگی و سنووری بابەتەكە بە شێوەیەكی تیۆریی بخاتە ڕوو، دواتر هەڵسەنگاندن و شیكردنەوە بۆ بابەتەكە بكات بە شێوەی پراكتیكیی، دەتوانین بڵێین: لەم نێزەدا زاراوە و چەمكی ڕەخنەی

ڕەخنە لە ئاستی پراكتیكیدا جێگای خۆی كردۆتەوە، بە گشتی نامەكە بۆ لایەنی پراكتیكی نووسەر توانیوویەتی لە بەكارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە ئامانجی خۆی بپێكێنێت. بەڵام لە ئاست تیۆرییدا بە ڕادەیەكی كەم ئاور لەم چەمك و زاراوەیە دراوە.

ئەگەر ئاماژە بە نامەكەی (كارزان كەریم ئەمین) بكەین بە ناونیشانی (ئاڕاستەكانی ڕەخنەی شیعری كوردی ـ بە نموونەی ماستەرنامەكانی ئەدەب ساڵی 1988 ـ 2000)، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، 2009). لەم نامەیەدا توێژەر چ لەسەر ئاستی تیۆریی، یان پراكتیكیی زاراوە و چەمكی ڕەخنەی ڕەخنەی بەكارهێناوە توانیوویەتی ئامانجی خۆی بپێكێنێت، بەڵام زیاتر لە چوارچێوەی پراكتیكیدا خۆی دەبینێتەوە، هەرچەندە لە دەروازەدا بە شێوەیەكی تیۆریی باسی لە چەمك و دەستەواژە و زاراوە و میكانیزمی ڕەخنەی ڕەخنەی كردووە. بەڵام وەكو پێویست نەبووە. نابێت ئەوەش لە بیربكەین ئەم نامەیە لە ڕووی زانستیی و بابەتییەوە لە ئاستی پراكتیكیی جێگای گرنگ و بایەخە لە نێو بەرهەمە ڕەخنەییەكانی كوردیدا، بە یەكەم نامەی ئاكادیمیی دادەنرێت لە تێگەیشتن لە چەمك و زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ڕووی تیۆریی و پراكتیكیی، كە لەسەر بنەماكانی (ڕەخنەی ڕەخنە) كاری كردووە.

**2ـ : خوێندنەوە و پراكتیزەكردن بۆ سێ بەرهەمی ڕەخنەیی لە هەفتەنامەی فەرهەنگدا لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ڕەخنەوە**

**2ــ 1 درەختێك لە تیشك..**

**زمانێك لە زەریا**

**خوێندنەوەیەك بۆ كۆمەڵە شیعری**

**(هەموو ڕازی من ئاشكرایە و هەموو**

**ئاشكرای تۆ ڕاز) ی فەرهاد شاكەلی (پشكۆ نەجمەددین)**

(پشكۆ نەجمەددین) لە ژمارە (17) هەفتەی (4) كانوونی دووەمی (2010) لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)ی هەولێر لە لاپەڕە (22-26)، كە بڵاوكراوەیەكی فیكری _ ڕەخنەییە، ڕۆژنامەی هەولێر دەری دەكات، بابەتێكی ڕەخنەیی بە ناونیشانی (درەختێك لە تیشك.. زمانێك لە زەریا) خوێندنەوەیەك بۆ كۆمەڵە شیعری (هەموو ڕازی من ئاشكرایە و هەموو ئاشكرای تۆ ڕاز)ی فەرهاد شاكەلی بڵاوكردۆتەوە. **(نەجمەددین، 2010: 22).**

سەبارەت بە ناونیشان بەرهەمە ڕەخنەییەكەی (پشكۆ نەجمەددین)، دوو ناونیشانی هەیە، ناونیشانی یەكەمین و سەرەوەیان لە ژێر ناونیشانی (درەختێك لە تیشك.. زمانێك لە زەریا) و ناونیشانی دووەمیین و خوارەوەیان لە ژێر ناونیشانی (خوێندنەوەیەك بۆ كۆمەڵە شیعری "هەموو ڕازی من ئاشكرایە و هەموو ئاشكرای تۆ ڕاز"ی (فەرهاد شاكەلی)ی دایە.

ناونیشانی یەكەمیان لە ناونیشانی دەقێكی ئەدەبی دەچێت، نەوەك كارێكی ڕەخنەیی، یان بەرهەمێكی ڕەخنەیی، لە هەمانكاتدا لە چوارچێوەی ئەم ناونیشانەیاندا نووسەر و ڕەخنەگر (پشكۆ نەجمەددین) داهێنەری دەقە ئەدەبییەكە دەدوێنێت كە (فەرهاد شاكەلی) یە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم ناونیشانە پەیوەندییەكی پتەو و ڕاستەوخۆی بە دەقە ئەدەبییەكەوە نییە.

ناونیشانی دووەمیان ڕووی دەمی نووسەر و ڕەخنەگر (پشكۆ نەجمەددین) ڕاستەوخۆ لە بەرهەمە ئەدەبییەكەیە، نەوەك داهێنەرەكەی، بەمەش یەكەوڕاست دەقە ئەدەبییەكە دەدوێنێت و زەمینەسازی بۆ دەكات بۆئەوەی خوێندنەوە و شیكردنەوە و ڕاڤەی بۆ بكات.

بە تێڕوانین و تێگەیشتنی ئێمە ناونیشانی دووەمیان گونجاو و زانستییانەترە بۆ بەرهەمە ڕەخنەییەكە، چونكە ناونیشانی یەكەم تا ڕادەیەك سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت و دووری دەخاتەوە لە بنەما و تێڕوانین هزریی و ئاوەزییەكانی (عەقڵییەكانی) بەرهەمی ڕەخنەیی، سەرەڕای ئەمەش ناكرێت كارێكی ڕەخنەیی جووت ناونیشانی، یان فرە ناونیشان بێت.

دەشێت بپرسین نووسەر و ڕەخنەگر ( پشكۆ نەجمەددین) بۆ پەنای بۆ جووت ناونیشان بردووە؟ لە كاتێكدا یەكێكە لە قەڵەمە جوانەكانی بەرهەمی ئەدەبی و خودی نووسەر و ڕەخنەگر شاعیریشە، كە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر بەرهەمە ڕەخنەییەكەی هەبووە، پشكۆ نەجمەددین ئەو گوتارە ئەدەبییەی بەرهەمی ئەدەبی، بۆ كاری ڕەخنەی ئەدەبی گواستۆتەوە و كەوتوتە ژێر كاریگەرییەوە.

ئەوەی پەیوەست بێت بە پێشەكیی بەرهەمە ڕەخنەییەكەی (پشكۆ نەجمەددین)، ئەوەی ئێمە تێبینیمان كردووە (پشكۆ نەجمەددین) لە پێشەكی و وتار و كارە ڕەخنەییەكەیدا كەم تا زۆر ویستوویەتی خوێندنەوە و لێكدانەوە بۆ چەمكی شیعر و شاعیر بكات، بەڵام ئەم خوێندنەوە و لێكدانەوەیە زیاتر خوودییانەیە، نەوەك بابەتییانە، چونكە بێ ئەوەی پشت بە تێڕوانینێكی قووڵی تیۆرێك،

فەیلەسوفێك، ئەدیبێکی مەزن، سەردەمێکی دیاریکراو، یان شارستانییەتێکی دیاریکراو ببەستێت هەوڵیداوە لە ڕوانگەی خۆیەوە خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ هەردوو چەمکی شیعر و شاعیر بکات. توێژەر بەردەوام دەبێت مەبەستییەتی بەراوردی پرۆسەی نووسین و شیعر بکات، پێی وایە پرۆسەی نووسین، پرۆسەیەکە زۆر لە خۆکردنی بەسەردا زاڵە، بەڵام لە دنیای شیعر هیچ زۆر لە خۆکردنێك بەدی ناکرێت، ئەمەش بەو واتایەی جیهانی شیعر، جیهانێکی باڵاترە لە نووسین.

(پشکۆ نەجمەددین) لەو بەرهەمە ڕەخنەییەدا پێی وایە شیعر زادەی هزر و ڕامانێکی قووڵە، نەوەك ئەوەی لە کۆندا باسی لێوە دەکرا کە تەنیا زادەی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی شاعیرە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر نووسەر و ڕەخنەگر پێی وایە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی جوان و ورد بۆ دەقی شیعر بکەین پێویستە خوێنەر ئامادەیی زەینی و ڕوحیی تێدابێت، بێگومان ئەمەش ئاماژە و باسێکی ڕوونە لەسەر گرنگی و بایەخی خوێنەر و کاریگەریی بە سەر دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، هەروەکو ڕەخنەگر لە بەرهەمە ڕەخنەییەکەیدا ئاماژەی پێکردووە دەڵێت: ((من لە یەکەم خوێندنەوەمدا بۆ کۆمەڵە شیعری ( هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز)ی فەرهاد شاکەلی، توشی ئەم داوی ئاسۆیی تێروانینە هاتم و لە کۆتایی گەشتە تیژپەڕەکەدا، بە هەگبەی نیوە بەتاڵەوە گەڕامەوە و ئەو شیعرەی چاوەڕێی بووم، مەستی نەکردم )) **(نەجمەددین، 2010: 23).** لێرەدا ئەوەی ڕەخنەگر مەبەستییەتی خوێندنەوە بۆ هەر دەقێکی شیعری بە شێوەیەکی ورد و قووڵ نەبێت، ناتوانی لەو مەبەستەی شاعیر بگەی و خوێندنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقە شیعرییەکەی بکەین هەروەها پێی وایە ئەگەر پرۆسەی شیعر نووسین و داهێنانی ئەدەبی لەسەر پاشخانی جیهانبینییەکی فرە ڕەهەند و پێویستییە مەعریفییەکان بێتە ئەفراندن شوێنکات و فەزا ڕوحی و دەروونییە هەژاوەکانییان تێیدا بێت، بێگومان خوێندنەوەشییان ئامادەییەکی زەینیی و ڕۆحی لە خوێنەر و ڕەخنەگر دەخوازن. بۆیە ڕەخنەگر هەر لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: لە ئەنجامی دووبارە خوێندنەوەمدا بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە دەقە شیعرییەکەی (فەرهاد شاکەلی)ی زیاتر دەچێتە نێو دنیای (ئایەتی "116" ی سوڕەتی ئەلمائیدە) بۆیە لە ئەنجامی دووبارە خوێندنەوە (پشکۆ نەجمەددین) وەك ڕەخنەگرێگ لە گۆشەیەکی تر تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و کاریگەریی بەسەر شاعیرەوە، بێگومان ئەم جۆرە کارەش خۆی لە تیۆری دەقئاوێزان نزیك دەکاتەوە، چونکە تیۆری دەقئاوێزان بە پێی بۆچوونەکەی (جولیا کریستیڤا) کە دەڵێت: ((دەقئاوێزان تابلۆیەکی ڕەنگالەییە، لەوەش زیاتر هەموو دەقێك هەڵمژین و گۆڕین و سەلماندن و نەفیکردنەوەی دەقگەلێکی ترە)). **(لەتیف، 2016: 38).** لێرەدا پێویست بوو ڕەخنەگر ئاماژەی بە تیۆری (دەقئاوێزان) بکات و بەدیاریکراوی تیشك بخاتە سەر (دەقئاوێزان) ی ئایینیی، بەڵام ڕەخنەگر ئاماژە و باسی ئەم تیۆرەی نەکردووە، چونکە خاڵی جەوهەری هەر توێژینەوەیەکی زانستیی ئاماژەکردنە بە تیۆر، بۆ ئەوەی لە تێکەڵاوی و بێ سنووریی بابەتەکە پارێزراو بیت و بتوانێ بابەتەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە بخاتە ڕوو، دوور لە تێکەڵکاریی پەرتەوازەیی.

لە بەشێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەی (پشکۆ نەجمەددین) دا وەك ڕەخنەگرێك ئاماژە بە ڕۆڵ و بایەخی (ناونیشان)ی دەقی ئەدەبی دەکات، پێی وایە هەرچەندە ناونیشانی دەقی ئەدەبی بە ڕووکەش دەبینرێت، بەڵام گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بە دەقەوە هەیە خوێنەر دەبەستێتەوە بە دنیای ناوەوەی دەقە ئەدەبییەکە هەروەکو نموونەی ئەوە دێنێتەوە دەڵێت: (کە یەکەمجار، دەچیتە میوانی ماڵێك و لە چاوەڕوانیی کردنەوەی دەرگادا وەستاوی، دەشێ فۆرم و ڕەنگی دەرگاکە، وێنەیەکت لە شێوازی ڕێکخستن و بۆن و بەرامەی نێو ماڵت لە خەیاڵدا بۆ دروست بکەن، بۆیە ناونیشانیش لە شیعردا هەروەکو ڕەنگ و فۆرم و نەخش و هێڵکاری ئەم دەرگایە وایە، بەڵام هەندێك دەروازەش هەن پێچەوانەی وێنەکردنەکانی ئێمەن بە مەستی لە ئامێزمان دەگرن و لە کۆتاییدا، بە نائومێد و دەستبەتاڵ وەدەرمان دەنێن). **(نەجمەددین، 2010: 23، 24).** کەواتە بۆچوونەکەی (پشکۆ) ڕاستە بێگومان ناونیشان کلیلی کردنەوەی هەموو دەقێکی ئەدەبییە بەو مەرجەی هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی.

(پشکۆ نەجمەددین) لە بەرهەمە ڕەخنەییەکەدا لە دنیای سۆفیگەرییەوە هەنگاو بەرەو وێنەی سووریالی دەنێت، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی خودی خوێنەر ناخوازێت بەم ئاڕاستەیە بێت، بەڵکو ئەوە ئاڕاستەی دەقە شیعرییەکەی (فەرهاد شاکەلی) یە، کە لە دنیای سۆفیگەرییەوە هەڵدەکات و لە وێنەیەکی سووریالی دەگیرسێتەوە، کە خودی ڕەخنەگر ئەمە ناو دەنێت (پێچەوانەی چاوەڕوانی باوی خوێنەر)، کە بێگومان ئاماژە و ناوهێنانی ئەم زاراوە و چەمکە بێگومان بەرەو قووڵاییەکانی (تیۆری وەرگرتن ) ڕامان دەکێشیت، بەڵام بێ ئەوەی (پشکۆ نەجمەددین) وەك ڕەخنەگرێك ئاماژە و باسی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە بکات.

لە بارێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەیدا دەپرژێتە سەر مەسەلە و بابەت و پرسی زمانی دەقی ئەدەبی و بە دیاریکراوی زمانی پەخشانە شعیریی (فەرهاد شاکەلی)، بۆیە وەك ڕەخنەگرێك پێی وایە زمان هەر کەرەستەی خۆ دەربڕین و گوزارشتکردن نییە، بەڵکو زمانی دەقی شیعریی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت بۆ ئەوەی دەقی شیعری لە شیعرییەت نزیك بێتەوە. واتە شیعرەکان،

خەسڵەت و تایبەتمەندی شیعربوونیان لە ناخی خۆیانەوە وەرگرتووە و قەرزاربارى وێنەکانی دەرەوەی خۆیان نین. ڕەخنەگر لە بەرهەمە ڕەخنەییەکەی بەردەوام دەبێت و دەپرژێتە سەر مەسەلەی ژانرەکانی نووسین، کە خۆی ناوی لێدەنێت، نەوەك ژانرەکانی ئەدەب، لێرەدا مەبەستیەتی شیعر بە هەموو دەق و بوار و زانستەکان بەراورد بکات، لە ئەنجامی ئەمەدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بڕیار لەوە بدات (شیعر) چڕترین ژانری نووسینە، نووسینی شیعر، یان هۆنینەوەی شیعر بریتییە لە پاڵفتەی، یان لە بێژینگدانی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان. ئەمەش بەو واتایەی هەر زیادەیەك، لە وشە و ڕستە و دەربڕین دەبێتە مایەی لە کەدارکردنی شیعر، بۆیە وەك ڕەخنەگرێك بڕیار لەوە دەدات کە شیعرەکەی، یان پەخشانە شیعرەکەی (فەرهاد شاکەلی) تا دوا ڕادە چڕیکردۆتەوە بۆئەوەی دانەبڕێت لە تامو بۆی و چێژی شیعر. **(نەجمەددین، 2010: 24).**

بۆیە (پشکۆ نەجمەددین) وەك ڕەخنەگرێك بەردەوام دەبێت و دەنووسێت و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلە و بابەتی تەمومژاوی و لێڵیی لە دەقی شیعریدا، کە ئەمەش مەسەلە و بابەتێکی کۆن و هەستیاری ڕەخنەسازییە، بە درێژایی مێژوو ڕەخنەی ئەدەبی بۆتە باس و خواسی بەشێك لە ڕەخنەگران، خودی (پشکۆ نەجمەددین) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە لەگەڵ تەمومژی و لێڵیی نییە لە دەقی شیعرییدا، بەڵکو لەگەڵ شیعری قووڵ دایە بۆئەوەی خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش بکات، نەوەك لە خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە بیرەوێنتەوە و دووری بخاتەوە ... ئایا شاعیر پێویستە بە درێژایی وێستگە ئەدەبییەکانی ژیانی یەك جۆر لە شێوازی ئەدەبی تاقی بکاتەوە؟ یان زیاتر؟ شێوازی ئەدەبی ڕەگوڕیشەکەی هەر لە نێو ئەدەبیاتناسییە؟ یاخود ڕەگوڕیشەکەی بە نێو زمانناسیشدا ڕۆچووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکی تر (پشکۆ نەجمەددین) بەدەر لە شاعیر و ئەدیبێك، وەك ڕەخنەگرێك و لێکۆڵەرێکی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ ئەوە دایە. (هەر شاعیر و ئەدیبێك بە درێژایی وێستگەکانی ژیانی ئەدەبی خۆی چەندین شێوازی تاقی بکاتەوە، ئەمەش باڵادەستی و ئەزموون و دەوڵەمەندی شاعیر، یان ئەدیبەکە دەگەیەنێت، بوونی چەندین شێوازی ئەدەبیی جیاجیا لە بەرهەمەکانی شاعیر و ئەدیبدا واتای ئەوە نییە کە مۆرك و تایبەتمەندی و ڕەسەنێتی خۆی لە دەستدابێت، بۆیە پێیوایە باڵادەستی و ئەزموونی و دەوڵەمەندی (فەرهاد شاکەلی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی نزیکەی چل ساڵ تەمەنی لە نووسینی دەقی شیعری چەندین شێوازی تاقیکردۆتەوە). **(نەجمەددین،2010: 25).** لێرەدا ڕەخنەگر تیشك دەخاتە سەر زانستی شێواز (شێوازناسیی) وەك شارەزا و پسپۆڕێك بە پوختی شەنوکەوی دەکات و شێوازی ئەدەبی وەك زۆربەی ڕەخنەگر و تیۆردانەر و پسپۆڕانی تر بە زمانناسییەوە دەبەستێتەوە، ڕەخنەگر تەواو درك و هەستی بە گرنگیی شێواز و شێوازناسیی کردووە، بەڵام چوارچێوەیەکی تیۆریی وەك پێویست بۆ ئەم بابەتە تەرخان نەکردووە ، بەڵکو دەیتوانی لە ڕوانگەی شێوازناسییەوە، لە دیدی تیۆردانەرێکی شێوازناسیی خوێندنەوەی بۆ بەرهەمەکانی (فەرهاد شاکەلی) ی بکردبایە...

لە دواجار و لە کۆتایی بەرهەمە ڕەخنەییەکەدا هەڵوەستە لەسەر پەیوەندیی نێوان شیعر و فەلسەفە دەکات. بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە نهێنی بوون و نەبوونەوە و هەڵسووڕاندنی گەردوون، پێی وایە دنیای شیعر بەرفراوانترە، گەلێك ورد و هەمەلایەنەتر لەم پرس و بابەتانەی ڕوانیوە و قووڵبۆتەوە، بۆیە بە بڕوای ئەمەوە شیعر (ئەدەب) بایەخدارترە لە فەلسەفە، بە تایبەت ئەو شیعرەی، یان ئەو ئەدەبەی لەلایەن شاعیرێك، ئەدیبێك دەهۆنرێتەوە کە ئەزموونی هەبێت، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بێت، تەلاری بەرهەمەکەی لە سەر جوانیی بونیاد نابێت.

ئەوەی پەیوەست بێت بە سەرچاوەوە ئەم کارەی (پشکۆ نەجمەددین) سەرچاوەیەکی ئەوتۆی بەکارنەهێناوە، ئەو سەرچاوانەی ئەو بەکاریهێناوە بریتیین لە دیوانی شاعیران، دەبوایە ڕەخنەگر هەندێك سەرچاوەی سەرەکیی نزیك لە بابەتەکەی بەکارهێنابووایە، کە پێویست بوو وەك هەندێك سەرچاوەی ڕەخنەیی کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئەوەوە بۆ ئەوەی وتار و تەنانەت تێڕوانینەکانی زیاتر دەوڵەمەند بووایە، بۆ نموونە کە باس لە بابەتی شێوازناسیی و زمانی دەق و بابەتی ئەدەب و فەلسەفە... هتد دەکات. گرنگ و جێگای بایەخ بوو ئاماژەی بە هەندێك لەو سەرچاوانە کردبایە، کە پەیوەندی بە خودی ئەم بابەتانەوە هەیە.

**2ــ 2 جیهانبینی شیعری گۆران و ڕێبازی پەرناسیزم (د. هیمداد حوسێن)**

(د. هیمداد حوسێن) لە ژمارە (63)ی هەفتەی (2) کانوونی دووەمی (2011) لە هەفتەنامەی (فەرهەنگ)ی هەولێر لە لاپەڕە (3-7)دا بابەتێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی (جیهانبینیی شیعری گۆران و ڕێبازی پەرناسییزم) بڵاوکردۆتەوە. **(حوسێن، 2011: 3).**

سەرەتا ئەگەر لە ناونیشانی بەرهەمە ڕەخنەییەکەی (د. هیمداد حوسێن) وردبینەوە، دەبینین لێکۆڵەر و ڕەخنەگر دوو زاراوە و چەمکی ئەدەبی گرنگی ئاماژە پێکردووە ئەویش زاراوە و چەمکی ( جیهانبینی، ڕێبازی پەرناسییزم)ن، ئەگەر وەکو پێناسەیەك، یان وەکو ناساندنێکی کورت لە وشەی جیهانبینی بڕوانین ئەوە خودی زاراوەکە بە واتای دنیابینی، یان تێگەیشتن دێت. هەروەها ڕێبازی پەرناسییزم یەکێکە لە ڕێبازەکانی ئەدەبی، کە گوزارشت لە مەسەلەی دەقی ئەدەبی دەکات. ئەم ڕێبازە ئاماژە بە

فەلسەفەی (هونەر بۆ هونەر) دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ناونیشانەکە بە واتای تێگەیشتن و دنیابینی شیعری گۆران ڕەنگدانـەوەی لە ڕێبازی پەرناسیزم، بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵـەرو ڕەخنـەگر توانیوویـەتی ناونیشـانێکی گونجـاو و زانسـتی هـەڵبژێریت، چونکـە بەشێك لە بەرهەمەکانی گۆران لـەم ڕێبـازە دەخوڵێنـەوە و ڕەنگدانـەوەی هـەبووە. واتـە ڕەخنـەگر لـە هـەڵبژاردنی ناونیشـاندا بـۆ بەرهەمە ڕەخنەییەکەی بە گشتی توانیویەتی ئامانجی خـۆی بپێکێنیـت. ڕەخنـەگر بـە شـێوەیەکی زانسـتییانە و بابەتیيانـە ناونیشـانی توێژینەوەکەی بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە گرێداوە و توانیوویەتی داهێنانێکی نوێ بهێنێتە ئاراوە. مەگەر لە هەنـدێك شـوێن بـاس لـە بەراوردی ئەدەبی دەکات ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێکی سەربەخۆیی ئەدەبییە کەم تا زۆر دوورە لەم ناونیشانە.

لە پێشەکی بەرهەمە ڕەخنەییەکەی (د. هیمداد حوسێن)، ئەوەی ئێمـە تێبینـیمان کـردووە (د. هیمـداد حوسـێن) بـاس لـە مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی (هونەر بۆ هونەر) دەکات، کە لەلایەن  شاعیراندا لـە ئـەنجامی قووڵبوونـەوە و بیرۆکـە و مشـتومڕی نێوان شاعیران، کە پێویستییان بە جۆرە دەربڕین و شێوازێکی نوێ هەیە بۆ ئـەوەی لەگـەڵ هـزر و بیرکردنەوەیانـدا بگونجێـت، لـە ئەنجامدا فەلسەفەی (هونەر بۆ هونەر) دەرکەوت، کە لە منداڵـدانی ڕێبـازی ڕۆمانسـییزم سـەریهەڵدا. **(حوسـێن، 2011: 4).** بـە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەگر لە پێشەکیدا دەیەوێ باس لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕێبازی پەرناسـیزم بکـات سـەرەتا چـۆن بـووە دواتـر لەسەر دەستی چەند نووسەرێك ئەم زاراوەیە ئاماژەی پێکراوە، ئەوەی جێگـای ئاماژەپێدانـە ڕەخنـەگر ویسـتوویەتی خوێندنـەوە و لێکدانەوە بۆ فەلسەفەی ( هونەر بۆ هونەر) بکات. لێرەدا ڕەخنەگر (د. هیمدا حوسـێن ) بـە شـێوەیەکی  بابەتیانـە خوێندنـەوە بـۆ بەرهەمـە ڕەخنەییەکـەی دەکـات، ئـەویش ئاماژەکردنـە بـە تیـۆری (هونـەر بـۆ هونـەر) ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا دەگەڕێتەوە بـۆ سەرکەوتووی لێکۆڵینەوە بۆیە ڕەخنەگر بە سوود وەرگرتن لە تیۆری (هونـەر بـۆ هونـەر) توانیوویـەتی خوێندنـەوە و شـیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقە شیعرییەکانی گۆران بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتووی ڕەخنەگر لـە کـارە ڕەخنەییەکەیـدا، چونکـە دەبێتە هۆی ئەوەی سنوورێك، یان چوارچێوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکەی دابنێـت. دوور بکەوێتەوە لـە تێکـەڵکاریی و تێکچـڕژاوی بابەتـەکان. بەڵام ڕەخنەگر هەر چەندە ئاماژەی بەو تیۆرە کردووە، بەڵام لە ئەنجامی کارە ڕەخنەییەکەی بابەتێکی تری ئەدەبیی دەخزێنێتە نێـو بەرهەمە ڕەخنەییەکەی ئەویش مەسەلەی کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبییە، کە لە نێوان شاعیراندا بوونی هەیە و بەرچاو دەکەوێت.

هەروەها ڕەخنەگر (د. هیمداد حوسێن) لە بەشێکی تردا سەبارەت بە زاراوەی (هونەر بۆ هونەر) گـەلێك بیـرو بۆچـوونی هەمەجۆر لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگرانەوە بە نموونە دێنێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، پێی وایە بـۆ یەکـەمجار سـەرهەڵدانی زاراوەی (هونەر بۆ هونەر) بۆ کۆ وانەکانی (ڤیکتۆر کۆزان) دەگەڕێتەوە کە هونەر دەبێت لە پێنـاو هونـەر بێـت، نـەوەك بـۆ خزمـەتکردن و کەڵك وەرگرتن بێت بۆ کاروبارێکی پیرۆز. هەروەها ڕەخنەگر ئامـاژە بـە کۆمـەڵێك نووسـەری تـر دەکـات کـە دەسـتیان هـەبووە لـە دەرکەوتنی زاراوەی (هونەر بۆ هونەر)، بەڵام کرۆکی هـەموو بیروبۆچوونـەکان بـۆ زاراوەی (هونـەر بـۆ هونـەر) یـەك بۆچـوون و مەبەست و واتا دەبەخشن. ئەویش هونەر لە پێناو هونەر بێت، نـەوەك لـە خزمـەتکردنی چینێکـی تـر، یـان شـتێکی تـر. هـەر لـەم چواچێوەیەدا لە میانەی فەلسەفەی (هونەر بۆ هونەر) خۆی لە خۆیدا هەوڵدانی تاکە بـۆ خـۆ ڕزگـارکردن لـە جیهـانی بـۆرژوازی و سەرمایەداری هەروەها ئەم فەلسەفەیە لە ڕوویەکی تر گرنگی بە جوانی شیعر دەدا، واتـە جـەختکردن لەسـەر ئـەوەی، کـە (تـەنها جوانی بەسە بۆ شیعر واتە سوودی شیعر لەوەدایە، کە جوان بێت و ئەو جوانییەش، کە شـیعر هەیـەتی وەکـو ڕەنـگ و بـۆی گـوڵ وایە، کە بەبێ دەستکاری مرۆڤ سوودێك ببەخشێت). **(حوسێن، 2011: 5).**

لە بەشێکی تری توێژینەوەکەی ڕەخنەگر ئاماژە بە وشە و زاراوە و چەمکی (پەرناس) دەکات، کـە گوایـە وشـەی (پـەرناس) ناوی چیایەکە لـە یۆنـان، کـە خواوەنـدی شـیعر و مۆزیـك لـەوێ نیشـتەجێیە و ڕێبـازی پەرناسـیزم سـەرچاوەکەی بـۆ ئـەم چیایـە دەگەڕێتەوە.

هەروەها ڕەخنەگر لە بەشێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەی ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات، پێی وایە بە شێوەیەکی گشـتی ڕێبازی پەرناسیزم لەسەر دوو بنەمای فەلسەفی دامەزراوە. یەکەم: فەلسەفەی ئیستاتیکای ئایـدیالی (کانـت)، دووەم: فەلسـەفەی ڕیالیزمی، بۆیە ڕەخنەگر فەلسەفەی (کانت) دەگەڕێنێتەوە بۆ چوارچێوەی شاکاری هونەری کۆنی یۆنـان، کـە  چەنـدین خاسـیەت و جەوهەری تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، شـاکارە کۆنـەکانی یۆنـان و ئیسـتاتیکای گریـك، پێیـان وایـە شـێوازی جـوانی و نموونـەی ڕەسەنایەتی تەنها لای یۆنانییەکان هەیە. **(حوسێن،2011: 5).** بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیکردنـە لـەم بەشـەدا ڕەخنـەگر ئامـاژە بـە فەلسەفەی ڕیـالیزمی دەکـات، بـەڵام ڕەخنـەگر بـە وشـەیەك بـاس لـەم فەلسـەفەیە ناکـات، دەبوایـە بـە دوو سێ دێـریش بوایـە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم فەلسەفەیە بدابووایە.

(د. هیمداد حوسێن) وەك ڕەخنەگرێك لە بەرهەمە ڕەخنەییەکەی بەردەوام دەبێت باس لە پەیوەندیی (گۆران) بە ڕێبازی پەرناسیزمەوە دەکات، پێی وایە یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە توانیوویەتی بەرهەمی شیعری بە چەندین ڕێبازی جیاوازی ئەدەبی بنووسێتەوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و بەرفراوانی و دنیابینیی و ئەزموونی شاعیر لە نووسینەوەی بەرهەمی شیعریی، لێرەدا ئەوەی جێگای تێبینیکردنە، کە ڕەخنەگر ئاماژەی پێکردووە مەسەلەی زمانزانی (گۆران)ە و پێی وایە بە هۆی زانینی زمانی بێگانە توانیوویەتی سوود لە بەرهەمی نەتەوەکانی تر وەربگریت لە نێو بەرهەمەکەیدا جێگای بکاتەوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی کاریگەری و کارتێکردن، کە دوو دەستەواژەی ئەدەبی بەراوردکارین، بۆیە دەبوویایە ڕەخنەگر ئاماژەی بە ڕەخنەی بەراوردکاری، یان و سنوور و سیفەتەکانی بکردبووایە. لە درێژەی ئەم باسە ڕەخنەگر ئاماژە بەوە دەکات و پێی وایە ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ڕێبازی پەرناسیزم و بنەماکانی توانییان شاعیر لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تری ئەدەبی بگوازنەوە، کە بتوانێت جیهانێکی پڕ لە جوانیی و خۆشەویستی لە هەردوو لایەنی (سروشت و ئافرەت) دا بهێتەدی، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی بەراوردکاری و مەسەلەی کاریگەری و کارتێکردن، کە دوو وشەی ئەدەبی بەراوردکارین. (حوسێن،2011: 4).

هەروەها ڕەخنەگر لە بەشێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەیدا لەسەر زاری (فەرهاد پیرباڵ) ئاماژە بەوە دەکات، کە گوایە (فەرهاد پیربال) پێی وایە (گۆران) دژی هونەری بە سوود بووە، دژی جوانیی بەسوود بووە، ئەویش بە هۆی ئەوەی دەقە شیعری شاعیری پەرناسی فەرەنسی دەقاودەق گواستۆتەوە نێو بەرهەمە شیعرییەکەی خۆی ئەو کۆپلە شیعرەی بە ناوی (کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو...). (حوسێن، 2011: 6). پێی وایە لاسایی شیعری شاعیری فەرەنسی بە ناویشانی (نە گوێ لە هاواری لافاو بگرە، نە لە بانگی زێ...). (حوسێن، 2011: 6). بێگومان ڕەخنەگر بابەتێکی تری ئەدەبیی خزاندووتە نێو بەرهەمە ڕەخنەییەکەی ئەویش بابەتی کاریگەری و کارتێکردنە، سادەترین پێناسەی کاریگەری ئەوەیە، کە نووسەرێك یاخود چەند نووسەرێك لە ئەنجامی خوێندنەوە و کاریگەریبوون بە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی نەتەوەیەکی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم کاریگەرییەش بە ئاشکرا لە نووسین و بەرهەمەکانییاندا ڕەنگدەداتەوە، هەر بۆیە بە ڕای زۆرینەی نووسەران ئەدەبی پاك و بێگەرد و دوورە پەرێز نییە، بەڵکو هەموو ئەدەبێك کەم تا زۆر لاساییکردنەوە و چاولێکەریی ئەدەبی دیکەیی بەسەرەوەیە، گومانی تێدانییە دیاردەی کاریگەری و کارتێکردن و کەلك و سوود وەرگرتن لە ئەدەبە جۆر بە جۆرەکانی دنیا وەك زانستێك و زانیارییەکانی تر تا ماوەیەکی زۆر پەرەی سەندووە ڕەگ و ڕیشەی باشی چەسپاندووە. (گەردی، 1978: 22).

بۆیە ئەم جۆرە کارە ئەدەبییە، ئەگەر لە ژێر کاریگەری و کارتێکردن بێت و لاسایکردنەوەیەکی کوێرانە نەبێت، لێرەدا شاعیر توانیوویەتی داهێنان بکات. ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ بێ ئەزموونیی شاعیر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونداریی شاعیر، چونکە بەرهەمی ئەدەبیی هەرنەتەوەیەك خاڵی نییە لە بەرهەمی نەتەوەیەکی تر هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە ژێر کاریگەریی بەرهەمی نەتەوەیەکی تر سەریهەڵداوە و هاتۆتە ئاراوە و توانیوویەتی پەرە بە خۆی بدات و بەرهەمی نەتەوەکەی خۆی دەوڵەمەند بکات، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونداریی شاعیر، یان نووسەر لە نووسینی بەرهەمی ڕەخنەیی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنج و تێبینیکردن و باسکردنە ڕەخنەگر بە هیچ شێوەیەك تەنها بە دێڕێکیش باسی لە مەسەلەی کاریگەر و کارتێکردنی ئەدەبی نەکردووە.

لە دواجار و لە بەشێکی تری کارە ڕەخنەییەکەیدا (د. هیمداد حوسێن) وەك ڕەخنەگرێك دەپرژێتە سەر هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی (گۆران) و پەیوەندییان بە جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەت دەخاتەڕوو. لەسەر زاری هەندێك لە نووسەرانی کورد وەك: (عەلائەددین سەجادی) ، (ڕەفیق حیلمی) خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی (گۆران) دەکات. پێی وایە هەریەك لەم نووسەرانە بە دید و بابەتێکی جیاواز باس لە بەرهەمە شیعرییەکانی (گوران) دەکەن. (هەروەکو (عەلائەددین سەجاددی) پێی وایە (گۆران) شاعێرێکی سروشت خواز بووە جوانی سروشت لایەنێکی بەهێزی دەقە شیعرییەکانی گۆران بووە. هەروەها لە هەمانکاتدا (ڕەفیق حیلمی) پێی وایە (گۆران) هەست بەوە دەکات کە جوانیی ئافرەت کانگای هەموو جوانییەکانی سروشتە بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە دەکرێت، کە لە سروشتدا جوانی هەیە). (حوسێن، 2011: 7). کەواتە ڕەخنەگر پێی وایە کانگای بەرهەمە شیعرییەکانی (گۆران) لە دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرن و دەبنە هەوێنی بەرهەمەکانی شاعیر، ئەویش: جوانیی سروشت و جوانی ئافرەتن. واتە بە شێوەیەکی گشتی جوانی لە لای گۆران جێگای بایەخ و گرنگ و سەرچاوەی ئەفراندنی شیعرەکانی بوون.

لە کۆتا بەشی کارە ڕەخنەییەکەیدا، (د. هیمدا حوسێن) ئاماژە بە چیرۆکێکی (ئۆسکار وایلد) دەکات، کە بۆتە کەرەستە و هەوێنی شیعری (گوڵی خوێناوی)ی گۆران. لێرەدا دیسان ڕەخنەگر بابەتی کاریگەری و کارتێکردن دێنێتە نێو کارە ڕەخنەییەکەی،

بەڵام ڕەخنەگر بە وشەییەك باس لەم بابەتە ناكات، هەرچەندە بابەتێكی گرنگی ئەدەبییە، كە پەیوەندی بە ئەدەبی بەراوردكارییەوە هەیە، دەبوایە ڕەخنەگر چ وەكو تیۆر، چ وەكو بابەتێكی ئەدەبی ئاماژەی پێكردبووایە.

سەبارەت بە سەرچاوەكان ڕەخنەگر، یان توێژەر توانیوویەتی بە شێوەیەكی زانستیی و بابەتیانە ئاماژە بە سەرچاوەكان بكات و سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، كە پێویستن و پەیوەندییان بە بابەتەكەوە هەیە و سەرچاوەی سەرەكین و جێگای گرنگ و بایەخن بۆ ئەنجامدانی كارە ڕەخنەییەكەی.

**2ــ 3 مەحوی لە نێوان نەفسی ئەممارە و تواندنەوە لە ڕوحی باڵادا: (عەتا قەرەداخی)**

عەتا قەرەداخی لە ژمارە (44)ی هەفتەی (33)ی ئابی (2010) لە هەفتەنامەی (فەرهەنگی)ی هەولێر _ لە لاپەڕە(3-10)، بابەتێكی ڕەخنەیی بە ناونیشانی (مەحوی لە نێوان نەفسی ئەممارە و تواندنەوە لە ڕوحی باڵادا) بڵاوكردۆتەوە. (قەرەداخی، 2010: 3).

پێش ئەوەی بێینە سەر ناوەڕۆكی وتارە ڕەخنەییەكەی (عەتا قەرەداخی) بە پێویستی دەزانین هەڵوەستەیەك لەسەر ناونیشانی كارە ڕەخنەییەكەی ڕەخنەگر بكەین، ئەگەر بە وردی سەرەنجی ناونیشانەكەی ناوبراو بدەین، دەبینین لێڵیی پێوە دیارە و جۆرێك سەر لێشێواوی بۆ خوێنەر دروست دەكات، چونكە خوێنەر وا تێدەگات ڕەخنەگر هەڵسەنگاندنی (مەحوی) دەكات لە نێوان نەفسی ئەممارە. واتە نەفسی خراپەكار و تواندنەوە لە ڕۆحی باڵادا. واتە عیشق و خوشەویستی خوای باڵا دەست و تواندنەوە و فەنابوون لە پێناویدا، لێرەدا ڕەخنەگر زیاتر هەڵسەنگاندنی شاعیری كردووە لە نێوان دوو نەفسدا، بەڵام بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی ئێمەوە وا باشتر و چاكتربوو توێژەر ناونیشانەكەی بەم شێوەیە (مەحوی لە نێوان شیعری نەفسی ئەممارە و تواندنەوە لە ڕۆحی باڵادا)، یان (مەحوی لە نێوان نەفسی ئەممارە و تواندنەوە لە ڕۆحی باڵادا بە نموونەی شیعری ئەسیر و صەید و كەیدی). بنووسیایە زانستیانە و بابەتیانەتر دەبوو، جۆرە تێگەیشتنێكی ڕوونتر لە لای خوێنەر دروست دەبوو، بۆیە ئەگەر سەیری ناونیشانی یەكەم بكەین تا ڕادەیەك بابەتێكی بەراوردكاریی بەدیدەكرێت وەكو ئەوەی (مەحوی) لە نێوان دوو نەفسی خراپەكار و چاكەكار هەڵسەنگاندنی بۆ بكات، نەوەك شیعرەكەی، هەرچەندە ناوەڕۆكی بابەتەكەی پەیوەندی بە دەقە شیعرییەكەوە هەیە.

ئەوەی پەیوەستە بە پێشەكیی كارە ڕەخنەییەكەی (عەتا قەرەداخی)ی ڕەخنەگر بە شێوەیەكی كورت و پوخت ئاماژە بە ناساندنی دەقە شیعرییەكەی شاعیر دەكات. بە یەكێك لە دەقە كلاسیكەكانی شیعری كوردی دادەنێت، لە بەشێكی تری پێشەكییەكەیدا ڕەخنەگر ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی دەقە شیعرییەكەی (مەحوی) دەكات. بۆ هەڵكشانی تەمەنی شاعیر دەیگەڕێنێتەوە. هەر لە بەشی پێشەكیدا (عەتا قەرەداخی) بابەتی ناونیشان دەخاتە ڕوو پێی وایە ئەم دەقە شیعرییەی بێ ناونیشانە و ئەمەش گیرو گرفت دروست دەكات لە بەردەم خوێنەر و ڕەخنەگران لە تێگەیشتنی دەقە شیعرییەكە، چونكە كلیلی كردنەوەی هەموو دەرگایەكی دەقی ئەدەبی ناونیشانە، بێگومان ڕاستە ئێمەش لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونەی ڕەخنەگرین، بەڵام نابێت ئەمەش لە بیربكەین چەندین ڕەگەزی تر هەیە كلیلی كردنەوە و ناساندنی دەقی ئەدەبییە وەك بنیاتی دەقی ئەدەبی، ناوەڕۆك و بەهای مرۆیی دەق، چەمك و زاراوەی ڕەخنەی دەقەكە، هەروەها ڕۆشنبیری و مەعریفەی ڕەخنەگر ڕۆڵ دەگێڕن لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی.

ئەوەی پەیوەستە بە میتۆدی كارە ڕەخنەییەكەی، ڕەخنەگر سوودی لە ڕەخنەی تەواوكاری وەرگرتووە و پشتی پێ بەستووە بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە شیعرییەكەی (مەحوی) بۆیە ئاماژەكردن بە جۆری میتۆدی پەیڕەوكراو، یاخود چۆنییەتی ئامادەبوونی هەنگاوەكانی و پیادەكاری و كەرەستە ڕەخنەییەكان لە میانەی ئەنجامدانی كارێكی ڕەخنەیی، یان توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، بێگومان دەرگا و دەروازەیەكن بۆ دیاریكردنی ئاڕاستە ڕەخنەییەكە، جا تا چەند ڕەخنەگر، یان توێژەر توانیوویەتی پیادەی ئەم میتۆدە، یان ئەو تیۆرە لە كاتی ئەنجامدانی كارە ڕەخنەییەكەی بكات. هەر چەندە ڕەخنەگر پیادەی ڕەخنەی تەواوكاریی كردووە، بێگومان ڕەخنەی تەواوكاری لە سیاق و نەسەقی دەقی ئەدەبی دەكۆڵێتەوە. واتە لە ڕێی ئەو میتۆدەوە دەتوانرێ لە گەڵێك ڕووەوە، بە زاراوە تەقلیدییەكەی لەلایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆك خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بكرێت. ((میتۆدی تەواوكاری میتۆدێكی هەمە لایەنە، لە هەموو ڕەگەز و پێكهاتەكانی دەقی ئەدەبی دەكۆڵێتەوە، بە بێ جیاوازی و بڕوای بە هەرەوەرزی نێوان میتۆدە ڕەخنەییە دەرەكی و ناوەخۆییەكان لە لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی دەقی ئەدەبیدا هەیە)). (قادر، 2009: 42). كەواتە بە پێی ئەم پێناسەیە میتۆدی تەواوكاری سوود لە هەموو میتۆدەكانی تر وەردەگرێت. وەك: میتۆدە دەرەكییەكان و ناوخۆییەكان. واتە هەردوو جۆری میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی لە خۆدەگرێت لە ڕوانگەی هەردوو میتۆدەوە لێكدانەوە و شیكردنەوە بۆ دەقی ئەدەبیی دەكات. هەروەكو دەزانین میتۆدە دەرەكییەكان پەیوەستن بە لایەنی مێژووی و كۆمەڵایەتیی و دەروونی شاعیر. واتە لێكدانەوە و شیكردنەوەی دەقی

ئەدەبی دەبەستەوە بەو سێ لایەنەی شاعیر، کە ڕۆڵییان لەسەر دەقی ئەدەبی هەیە، هەروەها میتۆدە ناوەخۆییەکانیش لە لایەنی نەسەقی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. واتە لایەنی هونەری دەقی ئەدەبی، کەواتە بەپێی ئەم بیروبۆچوونانەی، کە باسمان کرد میتۆدی تەواوکاریی میتۆدێکی هەمە لایەنە (بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی ڕەخنەگر سوود لە قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییە جیاوازەکان وەربگرێت و تەنیا تێڕوانینی یەك قوتابخانەی مێژوویی، یان دەروونی، یان هونەری وەرنەگرێت)). (قادر، 2009: 42). کەواتە دەتوانین بڵێین: لەم میتۆدە ڕەخنەییەدا تەواوی ئەو زانیاریانەی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی پێویستن، بەڵام بە بیروبۆچوونی ئێمەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەمان لە کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) زیاتر لە چوارچێوەی میتۆدە دەرەکییەکان خۆی دەبینێتەوە و بێ ئەوەی بە وشەیەك ئاماژە بە لایەنی هونەریی دەقی ئەدەبییەکە بکات، چونکە لە ناوەڕۆکی کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) چەندین وشەو زاراوە و چەمکی دەروونیی وەك: (نەفس، غەریزە، سێکس، حەز، بایلۆجی...) بەکارهاتوون هەروەها باس لە کەسایەتیی شاعیر وەك لایەنی ژیان و ئایدۆلۆژی، یان ئاماژەکردن بە سەرمەشقی دەروونناسی وەکو (فرۆید) کۆمەڵێك بابەتی تر، کە پەیوەندییەکی زەقییان بە میتۆدی دەرەکیەوە هەیە ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەگەیەنێت کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی مێژووی و کۆمەڵایەتی و دەروونی شاعیرەوە هەیە، بۆیە ڕەخنەگر وا پێویستبوو لە ئەنجامی کارە ڕەخنەییەکەی پشتی بە میتۆدە دەرەکییەکان ببەستبوایە.

لە پاش ئەوە ڕەخنەگر (عەتا قەرەداخی) دێتە سەر ناوەڕۆك و بابەتی سەرەکیی بەرهەمە ڕەخنەییەکەی، دەپرژێتە سەر دەقە شیعرییەکەی (مەحوی) خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. هەر لە سەرەتای لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکە ڕەخنەگر ئاماژە بە دوو خاڵی جەوهەری نێو بەرهەمە ڕەخنەییەکەی دەکات. ئەویش لاوازی و بێ توانایی کەسیەتی شاعیر لە بەرامبەر حەز و ئارازووەکان، کەسییەتی شاعیر دابەشی سەر دوو بەش دەکات. یەکەم: دەروون (النفس) کەسییەتی حەز و ئارەزوو و غەریزەکانی. دووەم: کەسیەتی خودی (ویژدان) بە بەرزەمنێکی لاواز دەنوێنی بە شیکردنەوەیەکی فرۆیدییانە، بۆیە ڕەخنەگر بە شێوەیەکی گشتی پێیوایە نەفس ڕووبەری هەموو خواست و ویستە بایلۆجیی و غەریزەییەکانی مرۆڤ نیشاندەدات، شاعیر کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو نەفسە ئازاری دەدات و ڕزگاربونی تێدا مەحاڵە، بۆیە پەنا بۆ هێزی نادیار دەبات مەگەر ئەو ڕزگاری بکات لەو گێژاوییە، بەڵام ڕەخنەگر ئاماژە بە نیشانەی سەرسوورمان دەکات پێی وایە شاعیر بە نائومێدی دەڕوانێتە هێزی نادیار. واتە لێ بە پرسیار و گومانە بتوانێت لە هەژموونی نەفسی خراپەکار ڕزگاری بکات، هەرچەندە (مەحوی) کەسێکی زاهید و خواناسە. **(قەرەداخی، 2010: 5).**

لە بەشێکی تری کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) لەسەر دەقە شیعرییەکەی (مەحوی) بابەتێکی تر دەوروژێنێت، ئەویش مەسەلەی (عەقڵ) و (غەریزە) یە، پێیوایە هەر کاتێك (عەقڵ) زاڵبوو بەسەر (غەریزە) ئەو کات بەڕێوەبردنی ژیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەڕێوەدەچێت، بەڵام بە پێچەوانەوە نائومێدی ڕووی تێدەکات. ڕەخنەگر پێی وایە (مەحوی) ژیانی و وێنەی مرۆڤەکان بە جۆرێك بەرجەستە دەکات، کە لە دەرەوەی عەقڵ ڕاوەستاوە بۆتە کۆیلەی دەستی نەفس و ... (عەتا قەرەداخی ) ئەم جۆرە وێنەکێشانە بە قۆناغی نێو سروشت، یان پێش عەقڵ ناو دەبات. هەروەکو دیارە لە دێرە شیعری (مەحوی) وشەی (ئەممارە) بەرچاو دەکەوێت، بێگومان ڕەخنەگر ئەم وشەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو ئایەتەی نێو قورئانی پیرۆز ( ان النفس لامارە بالسوء)، بەڵام ڕەخنەگر لە ڕووی زانستییەوە دەیسەلمێنێت، کە نەفس، یان ڕووبەری حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ جۆرە هاوسەنگییەکییان تێدایە لە نێوان چاکە و خراپە و دروستکردن و تێکداندا. **(قەرەداخی، 2010: 6).** بێگومان بۆچوونەکەی ڕەخنەگر ڕاستە، چونکە خوای گەورە هەر لە کاتی لە دایکبوونی مرۆڤ دوو باڵی بۆ داناوە چاکە و خراپە ئینجا کامەی هەڵدەبژێرێ ئەمە پەیوەندی بە کەسییەتی مرۆڤەکەوە هەیە، هەر لە درێژەی ئەم مەسەلەیە ڕەخنەگر پێی وایە هەرچەندە (مەحوی) لە هەموو تەمەنی نەیتووانیووە نە بۆ کاری ئاینیی نە بۆ کاری دنیایی کەڵکی هەبێت، بۆیە ڕەخنەگر ئەم بۆچوونەی (مەحوی) بۆ ناکارایی دەگەڕێنێتەوە نەیتووانیووە ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر و بەرجەستەکردنی کەسیەتی خۆی، هەرچەندە سەرقاڵی کاری ئاینیی و سۆفیایەتیی بووە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حەز و ئارەزوو و غەریزەکانی دنیا.

(عەتا قەرەداخی) وەکو ڕەخنەگرێك بەردەوام دەبێت و دەپرژێتە سەر باسێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەی ئەویش باسی قۆناغی (بێکەسی)ی و قۆناغی (ناکەسی)ی دەقە شیعرییەکەی شاعیرە بۆیە قۆناغی بێکەسیی شاعیر دەگەڕێنتەوە بۆ تەمەنی پڕ لە خۆشی و ئاسوودەیی شاعیر و قۆناغی ناکەسیش دەگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی بەدبەختی و چارەڕەشی، بۆیە ڕەخنەگر بەراوردێك لە نێوان (مەحوی)ی و هەندێك شاعیری وەکو (جۆن میڵتن) و مەلا(کەریم) دەکات، لەم مەسەلەییە (جۆن میڵتن) ڕابردووی بە بەهەشت و ئێستاش بە دۆزەخ ناودەبات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بینین و لە دەستدانی بینینی شاعیر، چونکە ئەم شاعیرە کوێر بووە، هەروەها سەبارەت بە بۆچوونەکەی مەلا (کەریم)یش ڕەخنەگر پێیوایە مەلا (کەریم) ئەم مەسەلەیە بۆ سەردەمی پێش

لە دایکبوونی خۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە ڕەخنەگر ئەم دوو بۆچوونە جیا دەکاتەوە لەگەڵ (مەحوی)، بۆیە چوونەکەی (مەحوی) قۆناغی (بێکەسی)ی بۆ سەردەمی منداڵی و گەنجی و هەست نەکردنی شاعیر بە بەرپرسیارەتی دەگەڕێنێتەوە، هەروەها قۆناغی(ناکەسی)ش بۆ نەبوونی (مەحوی) وەکو خاوەن کەسایەتی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بە تێڕوانینی ئێمەوە ئەم مەسەلەیە زیاتر بۆ سەردەمی پیری شاعیر دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ ئاوارە و دەربەدەر و بێکەس و لاواز و بێتوانا دەبێت.

لە بەشێکی تری کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) ئاماژە بە وێنەی یار دەکات، کە گوایە شاعیر ئاماژەی بە وێنەیەك کردووە لە سەر سینەیدا هەڵیکەندووە، بۆیە توێژەر پرسیارێك دەورووژێنێت. ئایا ئەو وێنە یارەی (مەحوی) ئاماژەی پێکردووە وێنەی کامە یارە، بێگومان ئەگەر لە شیعرەکانی (مەحوی) بڕوانیت بە ئاشکرا وێنەی سۆفیگەری و خواناسییان تێدا بەدیاردەکەوێت، ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەی داگیرکردووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە شاعیر مەبەستی عەشقی خوایە.

هەروەها ڕەخنەگر لە بەشێکی تری کارە ڕەخنەییەکەی تیشك دەخاتە سەر خاسیەتێکی تری (مەحوی) ئەویش مەسەلەی قوربانیدانە، جا قوربانی دەستی یار بێت، یان گەردوون ئینجا یار هەر چ هێزێك بێت، بۆیە ڕەخنەگر ئەو هەموو ئازار و قوربانییەی شاعیر دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستی ڕۆژگار و سەردەم و خۆ تاوانبارکردنی شاعیر لە هەمبەر ئەرکە ئاینییەکەی، ئازاردانی جەستە لە پێناو ئاسوودەیی دەروون و ویژدان و ڕۆح، بۆیە ڕەخنەگر ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی شاعیر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو زەمینە و واقیعەی کە تیایدا دەژیت و ناتوانێت بە ئازادی ڕەهاوە بجووڵێت، بەڵام ڕەخنەگر (عەتا قەرەداخی) لە دیدێکی تری بەرهەمە ڕەخنەییەکەیدا حەزی تاوانکردن و خراپەکردن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خاسییەتەی کە لە بوونی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت و لە دایك دەبێت و ناتوانرێت بکوژرێت، بەڵام لێرەدە دەمانەوێت سەرەنجێك بدەین مرۆڤ هەر لە کاتی لە دایکبوونییەوە دوو هێز لەگەڵی لە دایك دەبێت هێزی شەڕ و هێزی خێر، بۆیە لە هەڵبژاردنی هەر هێزێك مرۆڤ ئازادە و سەرپشککراوە. هەر لە درێژەی ئەم باسە ڕەخنەگر ئاماژە بە دوو دۆخی جیاواز دەکات ئەویش دنیای ماددیی و دنیای مەعنەوییە، بۆیە ڕەخنەگر لاوازی دەسەڵاتی ماددیی (مەحوی) بە هۆکارێك دادەنێت بۆ ئەوەی لە کاری خراپەکردن و تاوانکردن دووری بخاتەوە، دنیای مەعنەویی ناگۆڕێتەوە بە دنیای ماددیی، بۆیە لێرە ڕەخنەگر هاوسەنگییەك دروست دەکات لە نێوان دڵ و ماددە.

هەروەها ڕەخنەگر لە درێژەی کارە ڕەخنەییەکەی دوو بۆچوون دەخاتەڕوو ئەویش ئایا مرۆڤ بەرپرسیارە لە ڕەفتار و کردارەکانی، یان دەورووبەر و ئەوانی تر تەنانەت شەیتانیش، بۆیە ڕەخنەگر پێی وایە (مەحوی) لە ڕوانگەی ئاینییەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە مرۆڤی بە بەرپرسیار داناوە، بەڵام بە تێڕوانینی ئێمەوە هەر سێ هێزەکە بەرپرسیارن لە ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ، بەڵام هێزی سەرەکی مرۆڤە ئەوانی تر بە لاوەکی دادەنێت، بۆیە ڕەخنەگر پێی وایە مرۆڤ بەرپرسیارە لە هەموو شتێکی خۆی، ئەگەر خاوەن نەفسێکی پاك بێت ئەوە هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت لە خشتەی ببات، بەڵام ئەگەر خاوەن نەفسێکی لاواز بێت ئەوە هیچ هێزێك ناتوانیت لە خراپەکاری دووری بخاتەوە بە هێزی چاکەشەوە، بەڵام ڕەخنەگر بۆچوونێکی تر دەخاتەڕوو پێیوایە هەر چۆن مرۆڤ دەور و کاریگەری لەسەر ئەو واقیعە هەیە بە هەمان شێوەش دەورووبەریش ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوییان هەیە لەسەر مرۆڤ. بە تێڕوانینی ئێمەوە بۆچوونی دووەم تەواو و واقیعانەترە، چونکە ژینگە و نەفس هەردووکیان هۆکارن لەسەر مرۆڤ چ بەلایەنی ئەرێنی چ بەلایەنی نەرێنی بێت.

لە کۆتایی کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی) وەکو ڕەخنەگرێك تیشك دەخاتە سەر بیروباوەڕی شاعیر بە کەسێکی ئایدیالست و خاوەن بڕوا و ڕێبازی نەقشبەندی لە قەڵەمی دەدات، ڕەخنەگر پێیوایە بە پێی ئەو بیروباوەڕەی (مەحوی) هەیەتی خوای گەورە مرۆڤی ئەفراندووە  و ژیرییەتی پێبەخشیووە و ئازادی کردووە لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە ڕەفتارێك و خۆی بەر پرسیارە لە وەرگرتنی هەر جۆرە پاداشت و سزایەك.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی کارە ڕەخنەییەکەی (عەتا قەرەداخی)، ڕەخنەگر هیچ سەرچاوەیەکی بەکارنەهێناوە لە کارە ڕەخنەییەکەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی هەر کارێکی ڕەخنەیی، چونکە بەکارهێنانی سەرچاوە دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێزی هەر پرۆژە و کارێکی ڕەخنەیی بۆیە سوود وەرگرتن و پشتبەستن  بەسەرچاوە ڕادەی بە هێزی توێژینەوەی ئەدەبی زیاتر دەکات و زانستییانە و بابەتیانەتر خۆی پیشان دەدات، دەبووایە ڕەخنەگر بە لایەنی کەم ئاماژەی بە دوو سێ سەرچاوەی ئەدەبی بکردبووایە، کە پێویست و پەیوەستبوون بە بەرهەمە ڕەخنەییەکەی، چونکە وەك دەزانین شیعری کلاسیك بە دیاریکراوی شیعرەکانی (مەحوی) بەرفراوان و فرە ڕەهەند و بابەتن.

**ئەنجامەکان:**

دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد سەبارەت بەم بابەتە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**ئەنجامە گشتییەکان:**

1- تیۆری ڕەخنەی ڕەخنە خوێندنەوە و وردبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی کاری ڕەخنەییە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کاریگەرییە لاوەکییانەی وەکو ئایدۆلۆژیا و باوەڕی کۆمەڵایەتیی و سیاسییانەی ڕەخنەگر وەکو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی دەق پەنای بۆ بردوون دەربخات و وەلایان بنێت.

2ـ ئامانجی سەرەکی ڕەخنەی ڕەخنە هەوڵدان و قووڵبوونەوەیە بۆ پاراستنی کاری ڕەخنەیی، لە هەر ئەگەرێك و هەڵەیەکی بابەتییانەی ڕەخنەگری ڕەخنەی ئەدەبی کە دووچاری دەبێتەوە لە کاتی ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی کارە ڕەخنەییەکانیدا کاتێك بەرۆکی دەگرێت، لە پێناو بونیادنانی گوتارێکی ڕەخنەیی و مەعریفیی کە تایبەتمەندییەتی بابەتییانە و ئیستاتیکییانەی دەقی ئەدەبیی ڕەچاو دەکات.

3ـ جیاوازی لە نێوان ڕەخنەی ڕەخنە و ڕەخنە ئەدەبیی، ڕەخنە ئەدەبیی یەك ئامانجی هەیە ئەویش خوێندنەوەیە بۆ دەقی ئەدەبیی و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبیی دەکات. هەرچی ڕەخنەی ڕەخنەیە دوو ئامانج لە خۆدەگرێت ئەویش لەلایەك ڕەخنەی ئەدەبییە، لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە، لەلایەکی تر کارکردنە لەبارەی ڕەخنەی ڕەخنەی دەقی ئەدەبیی و دەق بە گشتی.

4ـ ڕەخنەی ڕەخنە بریتییە لە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو کارە ڕەخنەییانەی کە ئەرکیان شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، هەروەها ئاماژەکردن و پابەندبوونییان بە تیۆرێك، یان میتۆدێکی دیاریکراو.

**ئەنجامە تایبەتییەکان:**

5ـ ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چ بێ ئاگاییانە بێت، یان بە ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە بە کارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە بوونی هەبووە جا لە سەر بنەمایەکی زانستیی بێت، یان نازانستیی بێت.

6ـ ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاستە نائەکادیمییەکە و بێ ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە بەکارهێنانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوە تەمەنێکی درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تار و نامیلکە ڕەخنەییانەی، کە لە نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەکارهێنانی خودی زاراوەی (ڕەخنەی ڕەخنە) لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تەمەنێکی درێژی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو.

7ـ زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە ئاستە ئەکادیمییەکەدا ئەویش بۆ دوو جۆر دەگەڕێتەوە، یەکێکییان: ئامادەیی سیما و سنووری چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە. واتە بە ئاگاییانەی ڕەخنەگر لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە، ئینجا چ پەیوەندی بە لایەنی تیۆرییەوە بێت، یان پراکتیکیی. دووەمیان: نا ئامادەیی سیما و سنووری چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە، ئەمەش بێ ئاگاییانەی ڕەخنەگر دەگرێتەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنەی ڕەخنە.

8ـ لەمیانەی خوێندنەوە و پراکتیزەکردنی ئەم سێ بەرهەمە ڕەخنەییە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕەخنەگران لە ئەنجامدانی کارە ڕەخنەییەکانییاندا تا ڕادەیەك پابەند نەبوونە بەمیتۆد و بنەما و خاسییەت و تایبەتمەندیی توێژینەوە ڕەخنەییەکانییان، بۆیە جۆرە تێکەڵکارییەك لەمیانەی ئەنجامدانی پرۆسە ڕەخنەکانیاندا بە دیدەکرێت.

**سەرچاوەکان:**

یەکەم: بە زمانی کوردی

أ: کتێب

ڕەشید، ف.،( 2005). ناسنامەی دەق. چاپی یەکەم .هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ڕەشید، د. ف.، (2018). میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

سابیر، د. پ.، (2006). ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

گەردی، پ. س. ئ.، (2017). ڕەخنەی ئەدەبی. چاپی یەکەم .هەولێر: چاپخانەی هیڤی.

گەردی، ع.، (1978). ئەدەبی بەراوردکاری. چاپی یەکەم. بغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

لەتیف، ح.، (2016). تیۆری دەقئاوێزانی کوردی. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.

محەمەد، س، (2020). ژانرە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم.

میراودەلی، د. ك.، (2021). ئەدەبناسی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی هەفتاکان. چاپی یەکەم. تاران: چاپخانەی مێخەك.

ب: نامەی ئەکادیمی

ئەمین، ك. ك.، (2009). ئاڕاستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی، بە نموونەی ماستەرنامەکانی ئەدەب 1988ـ 2000. هەولێر : زانکۆی سەلاحەددین، کولێژی زمان.

قادر، ڕێبین. خلیل، (2009). میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. هەولێر: زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.

ج: گۆڤارەکان

ئەڵوەنی، ن. خ.، (1999). ڕازێکی نەدرکاو. گۆڤاری کاروان، ژمارە(131).
ئەڵوەنی، ن. خ.، (1999). ڕازێکی نەدرکاو لە نێوان هونەری دەق و پرۆژەی ڕەخنەدا ــ ڕەخنەی ڕەخنە. گۆڤاری کاروان، ژمارە( 137).
حوسێن، د. ە.، (2011). جیهانبینی لە شیعری گۆران و ڕێبازی پەرناسیزم. هەفتەنامەی فەرهەنگ، هەفتەی 2 کانوونی دووەم، هەفتەی 2(ژمارە 63).
حوسێن، س.، (1999). بنیاتی کۆمەڵایەتی دەسەهەڵاتگەرای .... گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(134).
صالح، ر.، (1992). گەشتی دەبابەکەی عەتا فایەق بە ناوی (گیان) ی گۆراندا. کتێبی پرۆژە، ژمارە (1).
فایەق، ع.، (1992). دیالکتیکی (خودو گیان) و جیهانبینی نوێ لە هەڵبەستی گیانی گۆراندا. کتێبی پرۆژە، ژمارە (1).
قەرەداخی، ع.، (2010). مەحوی لە نێوان نەفسی ئەممارە و تواندنەوە لە ڕۆحی باڵادا. هەفتەنامەی فەرهەنگ، ئاب، هەفتەی (33)ی ژمار(44).
نەجمەدین، پ.، (2010). درەختێك لە تیشك زمانێك لە زەریا. هەفتەنامەی فەرهەنگ، هەفتەی 4 کانوونی دووەم، هەفتەی (4) ی (ژمارە 17).
دووەم: بە زمانی عەرەبی
أ: کتێب
الحمداني، د. ح.، (2014). سحر المضوع(عن النقد الموضوعاتي فى الرواية والشعر). ط2. المغريب: مطبعة: انفو ـ برانت 12 شارع القادسية الليدوى. فاس.
الخطاب، ا. ش.، (2015). النقد المعاصر فى المالية للنصي. ط1. الاردن: علم الكتب العاديث.
الدغمومى، م.، (1999). نقد النقد وتنظير النقد العربي المعاصر،سلسلة رسائل واطروحات رقم 44. ط(1)، الرباط ا. مغريب: منشورات كلية الادب والعلوم الانسانية جامعة محمدالخامس.
السيابى، خ. ب. م. ب. خ.، (2010). نقد النقد في التراث العربى لكتاب المثل السائى نموذج. الاردن: دار حديد للنشر والتوزيع.
المسدى، د. ع.، (2006). الاسلوبية والاسلوب. الطبعة الخامسة . بيروت: دار الكتاب الجديد.
أمبرت، أ. أ.، (1991). مناهج النقد الادبي. القاهيرة: المؤسسة المصرية العامة.
ادونيس، (1996)، سياسة الشعر دراسات فى الشعرية العربية المعاصر: نشر دار الادب للنشر والتوزيع
تودوروف، ت.، (1986). نقد النقد. ط2، بغداد: طبعة ونشر دارالشئوون الثقافية العامة.
توفيقى، ع.، (2012). السيرة الذاتية فى النقد العربى الحديث والمعاصرــ مقاربه فى نقد النقد. ط 1. الاردن: عالم الكتب الحديث.
ديب، ث.، (1995). نظرية الادب. دمشق: منشورات وزارة الثقافة.
رتشاردز، (1962). مبادى النقد الادبى. القاهرة: المؤسسة المصرية العامة.
ستولنتيز، ج.، (2007). النقد الفني دراسة جمالية فلسفية. الطبعة الاولى. الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.
عياد، ش.، (1987). دائرة الابداع (مقدمة فى اصول النقد). القاهيرة.
قلقيلة، ع، (1975). نقد النقد فى التراث العربي. ط1. منشورات مكتبة الانجلو المصرية.
مرتاض، ع.، (2010). فى النظرية النقد(دراسة لاهم النظريات النقدية و احصائها). الجزائر: دار هومة للطباعة والنشر.
يقطين، س.، (1989). قراءة النقد: مدخل الى الخطاب النقدي، الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين. بغداد: دار الشئوون الثقافة العامة.
ب: گۆڤارەکان
الحجلونى، ن.، (1989). عرض الكتاب (دائرة الابداع: مقدمة فى اصول النقد، شكرى محمد عياد). مجلة العربية للعلوم الانسانية، العدد(36).
الريامى، د. ن.، يوليو سبتمبر (2009). في الوعي بمطلع نقدالنقد و عوامل تهدرة. مجلة عالم الفكر، المجلد38 (1).
القسنطينى، د. ا.، (2009). فى الوعي بمصطلع نقد النقد. مجلة عالم الفكر، عدد(1).
القسنطينى، د. ن. ا.، (2009). فى الوعي بمصطلع نقد النقد. مجلة عالم الفكر، مجلة (38) عدد (1).
النية، ە. ب. ح. ب. ع.، (2007). صناعة نقد النقد في القرن السابع الهجري، الفلك الدائر على المثل السائر لابن ابى الحديد انموذجا. مجلة جسور, العدد العاشر.
عصفور، ج.، (1981). قراة فى نقاد نجيب محفوظ. مجلة فصول، مجلد1، عدد(3).
مدينى، م، (2008). نقد النقد. مجلة علامات فى النقد، مجلة (16)، عدد (64).
محمد، ب. ج.، (2009) مارس . نقد النقد ام الميتا نقد، محاولة فى تاصيل المفهوم. عالم فكر، المجلد37، عدد(3).

**قراءة لثلاثة نتاجات نقدية في أسبوعية فرهنك، من منظور نظرية نقد النقد**

**كاروان ادريس مجيد كارزان محسن قادر**
كلية التربية الاساس، قسم اللغة الكوردى، جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

كتب هذا البحث تحت عنوان : (قراءة لثلاثة نتاجات نقدية في أسبوعية فرهنك، من منظور نظرية نقد النقد). يتكون البحث من مقدمة ومبحثين. خصص الباحث المبحث الأول للجانب النظري، وهو يحتوي على خمسة محاور، يتناول المحور الأول نظرية نقد النقد، وفي المحور الثاني تم عرض مفهوم ومصطلح نقد النقد. أما المحور الثالث فمخصص للحديث عن هدف نقد النقد . وأما المحور الرابع فهو يتحدث عن دور نقد النقد وأهميته في تطوير النص والنقد الأدبي. ويتعلق المحور الخامس بتاريخ ظهور نقد النقد في النقد الأدبي الغربي والنقد الأدبي العربي والكوردي. وخصص الباحث المبحث الثاني كله للجانب التطبيقي، وذلك عن طريق تطبيق نماذج نقدية أدبية كوردية في أسبوعية (فەرهەنگی هەولێر- فرهنك أربيل ) التي هي ملحق ثقافي لجريدة هولير اليومية. وفي الختام، تم تحديد النتائج التي توصل إليها الباحث في نقاط عدة. كما تم ترتيب وتصنيف قائمة المصادر والمراجع على نحو علمي. ويتبع ذلك ملخص البحث باللغة العربية والإنجليزية.

**كلمات الداله:** نقد النقد، هدف نقد النقد، نقد النقد الكوردي، أسبوعية فرهنك.

**Reading for Three Criticism Works, in Farhang Weekly journal, in the Viewpoints of Critical Theory of Criticism**

**Karwan Idrees Majeed Karzan Mohsen Qadir**
College Basic of Education, Kurdish Language Department, Salahuddin University-Erbil

**Abstract**

The study is entitled ''Reading for Three Criticism Works, in Farhang Weekly journal, in the Viewpoints of Critical Theory of Criticism'', it consists of the introduction and two sections: section one is theoretical background, it includes five topics of critical theory of criticism, the first is about the theory itself, the second is about the terminologies of the theory, the third is about the objectives of the theory, the fourth is the role and importance of the critical theory of criticism in enhancing the text and literary criticism, the fifth is about the history of rising of critical theory of criticism in literary criticism in the West, Arab and Kurdish literature. While the second section is practical, it is the implementation of some Kurdish Examples in the Farhang Weekly Journal, which is an intellectual Critical journal. Then, the most important concluding points are displayed. The references are adequately ordered. Finally, the abstracts in Arabic and English are provided.

**Keywords:** Criticism of Criticism, Objective of Criticism Criticisms, Criticism of Kurdish Criticism, Weekly Farhang.